گوڤارا ئەكادیمی یا زانكویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١ ژ.١، ٢٠٢٣

حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.،
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v1n1a1947

# بیرۆكەی دامەزراندنی دادگای دەستووری ئێونەتەوەیی:

# گەرەنتییەكی نوێ بۆ بونیادنانی حوكمڕانی دەستووری

م. ی. حەسەن مستەفا حوسێن، فاكەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەكان و بەڕیوەبردن، زانكۆی سۆران، هەرێما كوردستانا عیراقێ
پ. ی. د. عثمان علی ویسی، ڕاوێژكاری یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان عێراق

**پوختە**

هەوڵەكانی مرۆڤایەتی بۆ هێنانەدی كۆمەڵگەیەكی بەختەوەرو خۆشگوزەران، كۆمەڵگەیەك كە تاكەكانی لە ئاشتیی و تەباییدا بژین، پاشخانێكی مێژوویی دوور و درێژی هەیە، لە فەلسەفە و ئەندێشەی سیاسی هەر یەكە لە (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) تا دەگاتە فەلسەفەی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن، باشترین فۆڕمی حوكمڕانیی و دامەزراوەیی و سیستەمی سیاسیی و دەوڵەتی نموونەیی، جێبایەخی بیرمەندان و پسپۆڕانی فەلسەفە و یاسا و زانستە سیاسییەكان بووە. حوكمڕانیی دەستووریی، وەك تایپێك لە حوكمڕانی مۆدێرن، هەنگاوێكە بۆ بونیادنانی سیستەمێكی حوكمڕانیی پابەند بە نۆرم و بنەما دەستوورییەكان، ئەم شێوە لە حوكمڕانییە، بە گەورەترین دەستكەوتی شارستانیەتی مۆدێرن دادەنرێت، كە بەهۆیەوە پێوەرێك بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و ژیان و هاوبەشی مرۆڤایەتی بەدەستهێنرا. بەڵام لە بەشێكی وڵاتانی دونیادا، وێڕای بوونی دەستووری نووسراو و دادگا و دامەزراوەی دەستووریی، ڕەوایەتی و شەرعییەتی بەشێكی زۆر لە سیستەمی سیاسی و حوكمڕانیی لە ژێر پرسیاری جددی دایە، پرسەكانی دیموكراسییەت، پاراستنی ماف و ئازادییەكان، كەرامەتی مرۆڤ و هاونیشتمانیبوون، سەروەری گەل، هەڵبژاردنی دەوری، دەستاودەستكردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، مافی كەمینە و بڕیاردانی چارەنووس لە بەردەم هەڕەشەی گەورەدان.

لە پێناو بونیادنانی حوكمڕانیی دەستووری ڕاستەقینە، یاساناسانی بواری یاسای دەستووریی سەردەم بیرۆكەی پێویستی بوونی دادگایەكی دەستووریی نێودەوڵەتی دەخەنە ژێر نەشتەری لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی و بەدوای وەڵامی چەند پرسێكی سەرەكی دەگەڕێن، بەوەی ئاخۆ ئەم دادگایە دەتوانێ چ جێكەوتێكی هەبێت لە بەرجەستەكردنی دەستوریەت و پاراستنی تاك و كۆمەڵگەكان لە حوكمی ستەمكاری و دەرفەت بۆ ڕەخساندنیان تا بە بەهای ئێونەتەوەییەكان دوور لە توندوتیژی و ئاژاوە بژین و بۆ پێشكەوتن و گەشەسەندنی بەردەوام كۆشش بكەن. ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێكی زانستییە بۆ لیكۆڵینەوەو وردبوونەوە لە بیرۆكەی دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، خستنەڕووی تایبەتمەندییە بابەتی و ڕێكارییەكانی ئەم دادگایە و ڕوونكردنەوەی بەربەست و پێشبینییەكانی داهاتووی.

**وشە كلیلییەكان:** دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستوری، حوكمڕانی دەستووری، ماف و دیموكراسی، دەسەڵات و ڕەوایەتی، دەوڵەت و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

## 1. بەرایی

سەرەڕای پێشكەوتنەكانی بزاڤی دەستووریی و هاتنەكایەی دەستووری نووسراو لە زۆرێك وڵاتانی دونیادا و بونیادنانی دادگا و دامەزراوەی دەستووریی، بەڵام تاوەكو ئێستاش بڕوابوون بە دیموكراسیەت و حوكمڕانی دەستووری لە پاشەكشێ و، ڕەوایەتی دەستووری و گرتنەدەستی دەسەڵات لە ژێر پرسیاری جددی دایە، بە جۆرێك نە دەستووری نووسراو و نە دادگای دەستووری توانای ڕێگەگرتن لە دەستوورشكێنی و بەرەنگاری دەسەڵاتی ستەمكاریان نییە، بۆیە بیرمەند و یاساناسانی یاسای دەستووری هاوچەرخ، بەمەبەستی چارەسەكردنی ناكۆكیی دەستووریی و بەڕەنگاربوونەوەی ستەمكاری دەسەڵاتی سیاسی بەتایبەتی لەڕووی ڕەوایەتی گرتنەدەستی دەسەڵات، پێشلكاری و سەرپێچییەكانی ماف و ئازادی، پاراستنی كەڕامەتی مرۆڤ و سەروەری گەل، پێشنیازی دادگایەكی نێودەوڵەتیی بۆ یاسای دەستووری دەخەنەبەر باس.

بەدیهێنانی دادپەروەری نموونەیی لەرێگەی دەزگایەكی دادوەریی باڵا، ریشەیەكی مێژوویی و فەلسەفیی دوور و درێژی لەپشتە، بە گەڕانەوە بۆ بنچینە هزرییەكان، فەیلەسووف و بیرمەندانی ئەم بوارە ڕەخنە لە ئامرازەكانی فەراهەمكردنی دادپەروەری دەگرن و وێنای بیرۆكەی دامەزروەیەكی باڵا دەخەنە بەر باس، چونكە لە دیدی ئەواندا، دەوڵەت خاوەنی هێزە، بەهۆی هێزەوە دەتوانێت زۆر بوار و كردەوە بە نایاسایی هەژمار بكات، لە كاتێكدا یاساین، بە پێچەوانەشەوە، دەتوانێت زۆر بواری نایاسایی بەیاسایی بكات و ڕەوایەتی پێبدات، لە كاتێكدا ناڕەواو نایاساین، هەر بۆیە لە پێناو رەخنەكردنی سیستەمی تاوانكاری دەوڵەت و چالاكییەكانی پۆلیس و هێزی چەكدار كە لە بنەڕەتدا بە زەبری هێز و بەویستی فەرمانڕەوا، داكۆكیی لە خواست و رژێمی فەرمانڕەوا دەكەن، پێویست دەكات بیر لە دامەزراوەیەكی دەستەی دادوەری وەك؛ "دادپەروەری نموونەیی "Ideal Justice بكرێتەوە بۆ ئیدانەكردنی هەر چەشنە چالاكی و كردەوەیەكی پۆلیس و دەزگاكانی دەوڵەت كە هەوڵی دیسپلین و زیانگەیاندن بە ئیرادەی تاك بدەن، ئەم هەوڵەش شەرێكی دادوەرانەیە لە پێناو هێنانەدی چەمكێكی نوێی دادپەروەریی كە بریتییە لە ناكۆكیی نێوان شەرعیەت (legitimacy) و دادپەروەریی ئیدیالی. ( Noam Chomsky and Michel Foucault, 1971, p 35 of 51).

لە دونیای ئەمڕۆدا، بیرۆکەی دامەزراندنی دادگای دەستووری نێودەوڵەتی بیرۆکەیەکی هەم دوور و هەم نزیکە، بیرۆکەیەکی دوورە لە داکەوت و واقیع، چونکە بە کردەوە بیرکردنەوەی لەوەی وڵاتانی دونیا بتوانن ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی دروستکردن یان تەنانەت بیناکردنی دادگایەکی لەو شێوەیە، کارێکی ئاسان نابێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نزیکە لە واقیع و داکەوت، چونکە لە ئێستاوە تۆڕێکی فراوان لە دامەزراوەی یاسایی و دەستەی دادوەری جیهانی و هەرێمی و ناوەخۆیی کە سنووری دەوڵەتان دەبڕن، پێشنیاری ئەوە دەکەن کە دادگایەکی لەو جۆرە بتوانێت ڕۆڵێکی کارای هەبێ بۆ پاراستنی شکۆمەندی دەستوور و بنەماکانی دیموکراسییەت. سەرەڕای هەموو ئەمانەش چەندین پرسیاری بێوەڵام ماونەتەوە کە پێویستی بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی وردی زانستییە، لەوانە: چۆن دەتوانرێت وەها دادگایەك بینا بکرێت؟ پێویست دەکات دادوەرەکانی کێ بن؟ ئەم دادوەرانە چۆن هەڵدەبژێردرێن؟ کێ دەتوانێت لەم دادگایە سکاڵا تۆمار بکات؟ دادگا چ جۆرە پسپۆری و دەسەلاتێکی دەبێت؟. بیرۆکەی دروستکردنی دادگای دەستووری نێودەوڵەتی وەك هەڵدانەکەی هایل مەری (Hail Mary Play) وایە کە هەوڵدانێکی درێژە و گریمانەی هاتنەدی ئاسان نییە. بەڵام لە دونیای ئەمڕۆدا و لە هەموو کاتێک پتر ئەم دادگایە پێویستە، لە کاتێکدا کە دیموکراسی لە سەرانسەری جیهاندا بە شێوەیەکی بەرچاو لە پاشکشێی جددی دایە و متمانەی بە دامەزراوە ناوخۆییەکانیش ڕوو لەلاوازییە.

**1.1 گرنگی توێژینەوە**

لە دەرەنجامی کاریگەری گلۆبالیزم لەسەر یاسای دەستووری و یاسای نێودەوڵەتی، کۆمەڵێك دیاردەی یاسایی نوێ سەریانهەڵدا، بەتایبەتی لەڕووی کارلێکی نێوان یاسای دەستووری و یاسای نێودەوڵەتی کە بوو بە فاکتەرێك بۆ بەنێو دەوڵەتیبوونی دەستوور و هاتنەکایەوەی یاسای دەستووری نێودەوڵەتی، ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێت ئەنجامدانی توێژینەوەی یاسایی لە نێوان لقە جۆربەجۆرەکانی یاسایی (Interdisciplinary Legal Studies) جا ئەم شێوە لێکۆڵینەوە لە نێوان یاسای گشتی و تایبەتی، یاخود ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی، یانیش لە نێوان زانستی یاسا و لقەکانی دیکەی زانستی بێت، کە میتۆد و شێوازێکی نوێی لێکۆڵینەوەی یاساییە وەک وەڵامێک بۆ ڕێبازی کلاسیکی باو لە لێکۆڵینەوەی یاسایی. ئەم شێوازە لە ساڵانی شەستەکان سەری هەڵداوە و پتر سەرنج دەخاتە سەر چۆنیەتی کارکردنی دامەزراوە یاساییەکان، شێوازی کارکردنی یاسا، کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی یاسا و ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە نوێگەری و چاکسازییەکانی یاسایی هەیە ( Lydia A. Nkansah and Victor Chimbwanda, 2016, p55-56). لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی ئامانجی یاسای نێودەوڵەتی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتیی و مافەکانی مرۆڤە، بەڵام بەهۆی جەنگی فیکری و شەڕو ململانێ چەکداری و جەنگە نێوخۆییەکانی وڵاتان لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات، بەردەوام ئەم ئامانجەی یاسای نێودەوڵەتی خستۆتە بەردەم هەڕەشە و مەترسییەوە، کە زۆرجار بەهۆی پاساوی نەبوونی تایبەتمەندی یاساکانی نێودەوڵەتی، چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەخەنە دەرەوەی پسپۆری و تایبەتمەندیەتی یاسا و دادگای نێودەوڵەتی، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێك بۆ بیرکردنەوە لە هێنانەکایەوەی دەزگایەکی دیکەی دادوەری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ناکۆکییانەی کە سروشتی دەستووریان هەیە. بیرۆکە و ڕەشنووسی دامەزراندنی دادگای دەستووریی وەك بیرۆکەیەکی نوێ و سەردەمی، لە دەرەنجامی زەروورییەت و پێویستی دێتەکایەوە، ئەمەش گرنگی بابەتی توێژینەوە بەدەر دەخات کە پرسێکی تازەی نێو یاسای نێودەوڵەتی و دەستوورییە.

هەروەها مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕووداوەکان بە تایبەت لەو دەوڵەتانەی کە کولتوری دیموکراسیەت نییە، لە لایەك لە ڕووی شکڵییەوە ڕژێم دەڕوخێنێ و (ئەگەرچی هەندێ جاریش ئەمە ڕوونادات)، بەڵام ئەگەر شکستی هێنا دەبێتە کارەسات بەسەر گەلی ئەو دەوڵەتە و سەرچاوەیەکیش بۆ تیرۆری نێودەوڵەتی و شێواندنی ئارامی و سەقامگیری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی " لە لایەکی تر بە هۆی بوونی سیستەمی ستەمکار، شۆڕش و سەرهەڵدانەکان بەردەوام دەبن و تاك و گەلان مافی لە ڕووەستانی ستەمکار پیادە دەکەن، بەڵام ئەم شۆڕشانەش مەرج نییە ئەرك و پرۆسە دیموکراسی و مرۆڤدۆستیەکە لە دروشم و دەقی یاساوە بکەنە واقیعی ڕەگ ئاژۆ، بۆیە بوونی دادگایەکی لەم چەشنە، دەشێ گەرەنتییەك و هاوکاریکی ئەرێنی باش بێت بۆ حوکمڕانی دەستوری.

**2.1 کێشەی توێژینەوە**

لەڕووی تیۆرییەوە، کێشەی ناونیشانی توێژینەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە بنەڕەتدا، دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووریی، بیرۆکە و پرۆژەیەکە تاوەکو ئێستا ڕەزامەندی زۆرینەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست

نەهێناوە، چونکە بەشێکی ئەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی لە سیستەمی دیموکراسی ناکەن "جا دەوڵەتی گەورەو زلهێز یاخود بچووك بن" بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان دەکەونە ژێر چەترێکی یاسایی، بۆیە لە دیدی ئەواندا بوونی وەها دامەزراوەیەکی یاسایی مەترسییە بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسییان.

لەڕووی پراکتیکییەوە، ئەم پرسە جێباسی مشتومڕی نێوان یاساناسانە، بەوەی ئایا تایبەتمەندییەکانی دادگاکە چی دەبێت و پارێزگاری لە چ جۆرە بنەمایەکی دەستووری دەکات؟ ئایا چۆن دادبینی لە کەیسەکان دەکات؟ ئایا بڕیارەکانی دادگا پابەندی دەبێت یاخود ڕاوێژکاری؟ ئایا تێکگیران لە نێوان تایبەتمەندییەکانی دادگای دەستووریی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی دروست نابێت؟ ئایا بڕیارەکانی کامەیان هێز و حوجییەتی بەسەر ئەوەی تردا هەیە؟. لەڕووی جێبەجێکردنەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ بڕیارەکانی دادگای دەستووریی نێودەوڵەتی دەکرێت؟. لەگۆشەنیگایەکی دیکەوە، لەڕووی تایبەتمەندییەتی نێونەتەوەیی، پسپۆرییەتی ئەم دادگایە سنووری نێوان دەوڵەتان دەبڕێت و سیستەمێکی جیهانی پێشنیار دەکات، بەمەش کێشە و تێکگیران لە نێوان یەکخستنی ماف و ئازادییەکان لە سیستەمە جیاوازەکانی دونیا لەلایەك، و کێشەی سەروەری ناوەخۆیی دەوڵەتان و دەستێوەردانی دادگا لە بڕیار و کارەکانی نێودەوخۆیی لەلایەکی تر سەرهەڵدەدات، بەمەش دەکەوینەبەردەم کۆمەڵێك پرسی یاسایی جددی، ئایا چۆن هەماهەنگی لە نێوان پرەنسیپی سەروەری و کارەکانی دادگاکە دروست دەکرێت؟.

### 3.1 میتۆدی توێژینەوە

لێکۆڵینەوەی یاسایی، لە کورترین ناساندنی، گەڕانێکی سیستماتیکی پرسی یاسایی و ئەحکامی دادوەرییە کە ئامانجی پەرەپێدانی زانستی یاسایە. ئەم گەڕان و لێکۆڵینەوەش پشت بە کۆمەڵێك میتۆدی زانستی دەبەستێت، میتۆدی زانستیش، یەکێکە لە گرنگترین دەروازەکانی بەدەستهێنانی زانیاری لە گەردووندا. ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا، توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە ( Descriptive, Analytical Legal Research). بەو پێودانگەی بیرۆکەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری بیرۆکەیەکی نوێیە و هەڵسەنگاندنی بۆکراوە، لەڕووی مۆدێلی توێژینەوەی یاسایی مامەڵە لەگەڵ شێوازی پەرەسەندن و هەڵسەنگاندن (Evolutive and evaluative) و هەروەها پێشبینیکردن (predictive) دەکات کە چەند مۆدێلێکی لێکۆڵینەوەی یاسایی مۆدێرن. (Khushal Vibhute and Filipos Aynalem,2009, p15-22-101).

لە هەمانکاتدا ئەم بیرۆکەیە، بیرۆکەیەکی پێشبینکراوە کە لە داهاتوودا ئەگەری هاتنەکایەوەی ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە. لەم توێژینەوەیەدا، بەمەبەستی ناساندن و شرۆڤەکردنی چەمك و دیدگای یاساناسان لەبارەی ئایدیای دادگایەکی نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری، میتۆدی وەسفی و شیکاری ( Analytical Approach) و میتۆدی (Black Letter Approach) بەکارهاتووە کە میتۆدێکی یاسایی باوە لە جۆری توێژینەوە فیکری و تیۆری و شرۆڤەکردنی چەمکە یاساییەکان و سوود وەرگرتن لە کەرەستەی یاسایی جۆربەجۆر مەبەستی دامەزراندن و پەرەپێدانی بیردۆز و ڕێچکەی یاسایی ( legal doctrines) وەک بەشێک لە پرۆسەی چاکسازی و چارەسەری یاسایی بۆ کێشە و گرفتەکان ( Lydia A. Nkansah and Victor Chimbwanda, 2016, p 58).

### 4.1 پلانی توێژینەوە

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم توێژینەوە دابەش دەبێت بۆ سەر دوو بەشی سەرەکی، لە بەشی یەکەمدا وێڕای خستنەڕووی بیرۆکەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، هاوکات ناساندنی پێویستیبوونی وەها دادگایەك دەخاتەبەر باس و لێکۆڵینەوە. لە بەشی دووەمی تایبەتمەندییە بابەتی و شێوەییەکانی دادگاکە بەگوێرەی پرۆژەی پێشنیازکراو شرۆڤە دەکات و، لەگەڵ ئەو بەربەستانەی بەردەمی و کاریگەرییەکانی لەسەر سەر حوکمڕانی دەستوری دەخاتەڕوو.

## 2. ناساندنی بیرۆکەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری

زیاتر لە سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، سیاسەتمەدار و یاساناسی ئەمریکی (چارلس ئیڤانز) هاوکات یازدەهەمین سەرۆکی دادگای فیدراڵی ئەمریکا، لە گوزارشتێکی بەناوبانگیدا لەبارەی ڕۆڵ و ئەهمییەتی دادگای دەستووری گووتوویەتی; "ئێمە لە ژێر چەتری دەستووردا دەژین، بەڵام دەستوور ئەوەیە کە دادگا و دادوەرەکان بۆ ئازادییەکان و سەروەت سامانمان بڕیاری لێدەدەن" ( Leahy, James E,1989, P491).

وەك بنەمایەکی گشتی و جێگیر لە یاسای دەستووریدا، ئەرکی پارێزگاریکردن لە شکۆمەندی دەستوور و پاراستن و گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکان بە دادگای دەستووری دەسپێردرێت، ئەمەش لەڕێگەی پێداچوونەوەی دەستووریی بۆ ئەو یاسایانەی کە پێچەوانەی دەق و بنەماکانی دەستوورین، ئەم

پرۆسەیەش ڕێگە و شێوازی جیاواز ئەنجام دەدرێت، یان ئەوەی ئەنجوومەنێکی دەستووری بەر لە دەرچوونی یاساکان پێداچوونەوە بە یاساکان دەکات، یاخود لەلایەن دادگا و دامەزراوەیەکی دادوەری (Constitutional Tribunal) دوای دەرچوونی یاساکە، پێداچوونەوە بە دەستووریبوونی یاساکان دەکرێت، زۆرجار ئەم سیستەمە بە سیستەمێکی "ناوەندی" یاخود سیستەمی "ئەوروپی"یش گوزارشتی لێدەکرێت، بەو پێودانگەی لەلایەن یاساناسی نەمسایی (هانس کێلسن) پێشنیارکراوەو لە وڵاتانی ئەوروپی وەک نەمسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا و چەند وڵاتێکی دی پەیڕەوی لێدەکرێت. ئەگەرچی لە دونیای مۆدێرندا سیستەمی دوانەیی و تێکەڵاویش سەریهەڵداوە کە تایبەتمەندییەکانی هەردووك سیستەمەکە لەخۆ دەگرێت و بە ( Hybrid Constitutional Review) ناوەزەند دەکرێت ( Andrew Harding, 2017, p1). گرنگیبوونی ئەم دادگا و دامەزراوە دەستوورییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستوور وەك دەقێکی زیندوو ڕۆڵی کارا بگێڕێت لە بونیادنانی حوکمڕانی دەستووری. بەڵام لە زۆرێك لە وڵاتان، سەرەڕای بوونی دەستوور و یاسای نووسراو بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتە دەستوورییەکان و پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان لەلایەك، بوونی دادگا و دامەزراوەی دادوەری لەلایەکی تر، بەڵام لە واقیعدا نە دەستوور و نە دادگاکان توانای ڕێگری لە دەستوورشکێنی و ستەمکاری دەسەڵاتیان نییە.

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی ڕووداوە سیاسی و کەیسەکانی دەستووریی، چەندین هەوڵی کودەتای دەستووری و هەمواری نادەستووری و پرۆسەی دەستوورشکێنی ئامادەیان هەیە، یەکێك لەو کەیسانەش کە لە هزری یاسای دەستووریدا بۆتە جێبایەخی یاساناسان و بەشێوەو تێگەیشتنی جودا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، گۆڕینی میکانزم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بوو لەلایەن (چارس دیگۆل Charles de Gaulle) لە ساڵی 1962. دوای ئەوەی ژەنەڕاڵ و سیاسەتمەداری فەڕەنسی (چارس دیگۆل) وەك سەرۆکی فەڕەنسا دەسەڵات دەگرێتەدەست، لەڕێگەی لۆبیکردن و فشارخستنەسەر پەرلەمان، هەوڵی پەسەندکردنی هەموارکردنێکی نادەستووری لە دەستووری ئەوکاتی فەڕەنسی دەدات و تیادا داوای چاکسازی لە گۆڕینی میکانزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك لەڕێگەی کۆمەڵێك نوخبەی هەڵبژێردراو بۆ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە، بەو پاساوەی ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت شەرعیەتی زیاتر و گرنگتر بۆ کۆماری فەرەنسا دەستەبەر دەکات [1]. گامبێتەکەی دیگۆل (De Gaulle's gambit) "*گامبێت جولەیەکی یاری شەترەنجە*" لە هەموو لایەکەوە کەوتەبەر بەرپەچدانەوەو دژایەتیکردن، چونکە لەلایەك پەرلەمان ڕەزامەند نەبوو لە بەرانبەر هەمواری دەستووری بە پاساوی سەرپێچی لە دەسەڵاتەکانیدا، لەلایەکی دیکەوە ئەم هەوڵەیان وەك هەوڵێکی دەستوورشکێنی لە قەڵەمدا و چاکسازیی گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریان وەك کودەتای دەستووری "constitutional coup d'état" یاخود کودەتای هەمیشەیی " coup d'état permanent" وەسفکرد[2].

ویڕای ئەوەی ئەم باسە جێگای تێڕوانین و هەڵگری دیدگای جیاوازە. لەسەر ئەم هەوڵەی (چارلس دیگۆل) بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، دەستووریناسی هاوچەرخی بواری یاسای دەستووریی لە زانکۆی تەکساسی ئەمریکی، پرۆفیسۆری ریچارد ئەلبێرت (Richard Albert) لەسەر هەڵوێستی ئەنجوومەنی دەستووری دەوەستێت و لەو بڕوایەدایە؛ ئەوەندەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی دەستووری فەڕەنسی بە خۆلادان لە دەستووریبوون و نادەستووریبوونی هەمواری دەستووریی شیاوی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییە، ئەوەندە هەوڵەکەی (دیگۆل) مایەی لەسەر وەستان نییە، چونکە ئەنجوومەنی دەستووری کە دوایین دەزگای چاودێرییە، بە پاساوی نەبوونی دەسەڵاتی دادوەری بۆ چاودێریکردنی هەوڵەکانی دەستوورشکێنی بوو بە ئامرازی ڕێگەخۆشکردن بۆ هەوڵی گۆڕینی دەستوور. بۆیە ئەم پرۆفیسۆرە دەپرسێت؛ ئایا ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە نەك دادگایەکی ئاسایی نیشتمانی، بەڵکوو دادگایەکی باڵای تێپەڵچوونەوە هەبووایە، وەك دەزگایەکی تایبەتە بە پاراستنی دیموکراسییەت و سەروەری یاسا و دەستووریەت، زیاتر بێنە بەرچاوت کە ئەم دادگایە دەزگایەکی نێودەوڵەتی بووایە و ئەندامانی تاکە مەبەستیان پاراستنی بەها و نۆرمە جیهانییەکان و پێوەرەکانی حوکمڕانی باش بووایە، ئەم دادگایە سەر بە دەسەڵاتی دادوەری جیهانی بوایە بۆ گوێگرتن لەو ناکۆکیانەی کە لە هەموو وڵاتانەوە سەرهەڵدەدەن، ئەم دادگایە "دادگای دەستووری نێودەوڵەتی" دەسەڵاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی هەبووایە کە ئەنجوومەنی دەستووری فەرەنسا نەیتوانی وەڵامی گونجاوی بۆ بداتەوە: ئایا هەموارکردنەوەکەی دیگۆل و

ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی هەوڵێکی دەستووری بوو یاخود نا دەستووری؟ ڕەنگە ئەم هەوڵەی بیرۆکەی دادگایەکی نیودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، جێگرەوەیەکی گونجاو بێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە یاساییانە و گەڕاندنەوەی شەرعیەت بۆ گەل و پاراستن و گەشەپێدانی دیمۆکراسی(Richard Albert, 2022, P1-5).

نمونەیەکی دیکەی زیندووی تایبەت بە حوکمڕانیی دەستووری، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق لەمەڕ پرسی فراکسیۆنی زۆرینە "الكتلة الاكبر" کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دیموکراسییەت و چەسپاندنی سەروەری دەستووریی و بەرجەستەکردنی متمانەو خواستی گەل هەبوو. دەستووری عێراق لە ماددەی (76)دا ئەوەی دەقنووس کردووە کە سەرۆک کۆمار پاڵێوراوی "کوتلەی زۆرینە" ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. بابەتی فراکسیۆنی زۆرینە لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراقییەوە شرۆڤە کراوە بەوەی "ئەو فراکسیۆنەی کە دوای هەڵبژاردن پێکهاتووەو لە میانەی یەك لیستی هەڵبژاردن چۆتە ناو هەڵبژاردنەوە، بەناوو ژمارەی دیاریکراوەوەو زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، یاخود ئەو فراکسیۆنەیە کە لە یەکبوونی دوو لیست یان زیاتر لە لیستەکانی هەڵبژاردن پێکدێت کە بە ناو و ژمارەی جیاوازەوە چوونەتە ناو هەڵبژاردن و دوایی بوونەتە یەك فراکسیۆنی خاوەن "یەك کیان" لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، کامە فراکسیۆن زۆرترین بوو ئەوا سەرۆککۆمار پاڵێوراوی فراکسیۆنی نیابی کە زۆرترین ژمارەی هەیە لە دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەراندا ڕادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەران. هەروەها دادگای فیدراڵی عێراق لە شرۆڤەیەکی تریدا بۆ ئەم پرسە "پرسی سەلماندن و حەقداری" لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە درێژکردۆتەوە تا دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریش و دەڵێت; ئەو لیستەی کە کوتلەکانی تێدایەو زۆرترین پێکدەهێنن هیچ ڕێگرییەکی لەبەردەمدا نییە کە لەهەر دانیشتنێك لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران پێشکەش بکرێت، هەتا ئەگەر دوای دانیشتنی هەڵبژاردنی سەرکۆماریش بێت، چونکە لیستی کوتلەی نوێنەرایەتی زۆرینە دەشێ بگۆڕرێت بە پێی هاوپەیمانی نێوان حزبەکان و لیستەکان تا ئەو کاتەی کوتلەی زۆرینە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە ڕادەگەیێنرێت و بۆ سەرۆککۆمار دەنێردرێت هەروەك لە حوکمە و مەرجەکانی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە 9ی ساڵی 2020 دا هاتووە (قرار المحكمة الإتحادية العليا رقم 20/اتحادية/2010 في 2010/3/25. قرار رقم 45/ت.ق/2014 الصادر بتأريخ 2014/8/11. قرار رقم 7 وموحدتيها 9و10/اتحادية/ 2022 بتأريخ 2022/2/3).

ئەم شرۆڤەیەی دادگای باڵای فیدراڵی بۆ دیاریکردنی لیستی زۆرینەی هەڵبژاردن جێگای سەرنج و لەسەر وەستانە و لەگەڵ دەستوور و ڕای یاساناسانی دەستووری هاوکۆك نییە، ئەم شێوە شیکاریە دەبێتە بەربەست لەبەردەم ڕاو خواستی گەل، چونکە لە سیستەمی پەرلەمانیدا، بەتایبەتی لە سیتەمەکانی دیکەدا، بەشێوەیەکی گشتی، سەوەری گەل و ڕەزامەندی دەدرێتە ئەو زۆرینەیەی کە لە هەڵبژاردندا پارتێکی سیاسی یاخود هاوپەیمانییەك بەدەستی دینێت، واتە سەروەری گەل لەوێدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە لەڕووی یاسایی و لۆژیکییەوە پێویست دەکات دەرفەت بدرێتە زۆرینە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر گەلدا بەرپرسیارییەتی لە ئەستۆ بگرێت و کارنامەی بخاتە واری جێبەجێکردن و بۆ هەڵبژاردنی ئایندە پارێزگاری لە متمانەی سیاسییەکەی، بەم جۆرەش زۆرینەی هەڵبژاردن بنەمای مامەڵەکردنە بۆ پێکهێنانی حکومەت. دواتر ئەگەر زۆرینە نەیتوانی متمانەی پەرلەمان وەربگرێت، پێویستە بچێتەسەر ڕاسپاردنی کوتلەی دووەم و گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە وڵاتانی هاوشێوە هەیە، چونکە ئەم شێوە شرۆڤەیە بۆتە هۆی ناسەقامگیری و ناهاوسەنگی و ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی هاوپەیمانێتی سەروو تائیفی. لە لایەکی تر بەهۆی کامڵ نەبوونی دامەزراوە دەستورییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و بوونی ڕاجیایی لەسەریان، لەوانەش ئەنجوومەنی فیدراڵی و دادگای فیدراڵی، تا ئێستا ئەنجوومەنی فیدراڵی کە نوێنەرایەتی هەرێمەکان دەکات، دانەمەزراوە. یاسای دادگای فیدراڵی باڵاو خودی بڕیارەکانی بوونەتە کێشەیەکی بەرچاوی ئێستای پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی لە بەغدا و هەرێمی کوردستان، چونکە لە ڕێگەی پەنابردن بۆ دادگا و بڕیارەکانی کە هەرێمی کوردستان وادەبینێت نادەستورییێن لە بوارەکانی ریفراندۆم و نەوت و گاز و پرسی بودجەو... هتد، وای کردووە کە عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکی دیار لە تواناکانی بۆ ئەم دۆخە ناسەقامگیریە سەرف بکات و کێشەی متمانەو ئایندە بۆ مەترسیەکی هەستیار لە لایەن هەرێمی کوردستانە بەرامبەر دیدی سیاسی و دەستوری دەسەڵاتی فیدراڵ و دامەزراوەکانی.

### 1.2 ڕیشەی بیرۆکەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری

وەك ئەوەی توێژەران لەسەری کۆکن، یەکەم هەوڵی کردەیی بۆ هێنانەکایەی بیرۆکەی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە یاسای دەستووری دەگەڕێتەوە بۆ وتارێکی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی لیبراسیون (Libération)ی فەڕەنسی بەناونیشانی "لە ئەگەری هەڵبژاردنی ساختەکاریدا، پێکهاتەیەکی دادوەری باڵاتر لە دادگاکانی نیشتمانی و سەربەخۆ، دەتوانێت ئەوە بیر دەوڵەتان بخاتەوە کە ڕێز لە ئازادییەکان بگرن، دادگایەکی جیهانی بۆ دیموکراسی". ئەم وتارە لەلایەن سەرۆکی پێشووی توونس "محمّد المنصف المرزوكي " لە 1999/11/8 بڵاوکرایەوە لە کاتێکدا کە ئەندامی پارتی ئۆپۆزسیۆنی توونس بوو[3]. ئەم هەوڵەی (مەرزوکی) وەك بەردی بناغەی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم دادگایە هەژمار دەکرێت. مەرزکی لە وتارەکەیدا ئاماژە بە پاشەکشەی دیموکراسییەت و پێشێلکاریی ئەو بنەماو پرەنسیپە نێودەوڵەتیانە دەکات کە سیفەتێکی دەستووریان هەیە و لەلایەن ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بنپێ دەکرێن، لەوانە؛ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساختە بۆ ڕەوایەتیدان بە خۆیان، چاکسازی لە دەستووردا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکانیان و زیانگەیاندن بە نەیارەکانیان بەتایبەتی لە سەردەمی (زین ئەلعابدین بن عەلی)دا، کاتێك شایەتحاڵی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەبێت و پرۆسەکە لە دۆخێکی پڕ لە ساختەکاری و تیرۆردا دەچێت. بۆیە مەرزوکی لەو بڕوایەدابوو کە ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان توانای زامنکردنی ئازادییە گشتییەکان و دیموکراسی نییە، دوای چەند ساڵێك لە نووسینی وتارەکەی، لە کۆبوونەوەی گشتیی ساڵانەی سەرۆکی وڵاتان لە ساڵی 2013، بۆ یەکەمینجار ئەم بیرۆکەیە خرایە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان UN و لە ساڵی 2014 ڕەشنووسی پرۆژەکە ڕادەستی هەشتەمین سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (بان کی مۆن) کرا، مەرزوکی داوای پێویستی پەرەپێدانی میکانیزمێکی نێودەوڵەتی کرد کە پشتگیری لە سەروەری یاسا بکات و بەرەنگاری دەسەڵاتی تاکڕەوی بکات و لە ئەگەری خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە بەڕێوەبردن و بڕیاردانی کاروباری گشتیدا بنبڕ بکات. هەروەها ئەم میکانیزمە بە ئامانجی دڵنیابوونە لە بەشداریکردنی گشتی لە پرۆسەکانی کارگێڕی دەوڵەتدا وەک جێبەجێکردنی ئەو بنەما هزرییە دەستوورییە کە خەڵک وەک سەرچاوەی کۆتایی دەسەڵات و سەروەری نیشتمانی دەناسێنێت. ( Laith K. Nasrawin, 2016, p 376–388; Tom Ginsburg, 2013.)

بەڵام پرۆفیسۆری ئەمریکی ڕیچارد ئەلبێرت لە توێژینەوەکەی بەناونیشانی "ئایا جیهان پێویستی بە دادگای دەستووری نێودەوڵەتی هەیە" ئاماژە بەوە دەکات کە لە بنەڕەتدا ڕیشەی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم دادگایە بۆ تێزەکانی نووسەر و دەستوورناسی فەڕەنسی "جۆرج لیت ڤیۆس" دەگەڕێتەوە، کاتێك (لیت ڤیۆس) لە لوتکەی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئاماژەی بەوەدا کە چۆن دامەزروە فەرمییەکانی دەوڵەت لەلایەن کارەکتەرە سیاسییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نادیموکراسییەکان ئیستغلال دەکرێن، ئەم شێوازە لە ئیستغلالکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە دیدی "لیت ڤیۆس" بە چەمکی فێڵی دەستووریی یاخود فێڵکردن لە دەستوور "Fraude à la Constitution"، ناو دەبردرێت (G. Liet-Veaux, 2011, p 38 - 449.). چەمکی فێڵی دەستووری خۆی لە هەڵسوکەوتێکی چەواشەکاریانەی دەسەڵاتداران و بانگەشەکردن بە پابەندبوونی دەقەکانی دەستوور دەبینێتەوە، لەکاتێکدا ڕۆحی دەستوور و کاری دامەزراوەیی ڕەتدەکەنەوە. ئەم فۆرمە لەئیشکردنە، جۆرێکە لە فێڵ و خۆدزینەوەی لە جێبەجێکردنی ڕۆحی دەستووریی. دواجار لەسەر بنەمای ئەم تێرمە و بە سوود وەرگرتن لە تێزی ئەم نووسەرە فەڕەنسییە، بیرۆکەی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستوری لەلایەن (محەمەد مەرزوکی) بە فۆرمێکی تازە زیندوو دەکرێتەوەو وەکو وتارێکی ڕەخنەیی ئاراستەی ڕایگشتی و سیاسەتمەدارو یاساناسانی دەکات و دواتر وەکو پێشنیار و پرۆژە دەیخاتەبەردەم دەزگا و دامەزراوەکانی نێودەوڵەتی.( Richard Albert,2016 p 5.)

لە وتارەکەیدا، "مەرزوکی" مەترسییەکانی ساختەکاری لە پرۆسە دیموکراسییەکان وەك دەردێکی کوشندە و فۆرمێك لە گەندەڵی بەرچاو پێناسە دەکات، فۆرمێك لە ساختەکاری و گەندەڵی وەك ئەوەی "پارەی ساختە لەبەرچاوی جەماوەر چاپ بکرێت، دواتر بەنرخێکی گرانتر بە جەماوەر بفرۆشرێتەوە". ساختەکاری نەك هەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، بەڵکوو کۆی پرۆسەکانی حوکمڕانی لەئێویشیاندا لیستی ساختەی هەڵبژاردن، دیمەیتی ساختە، ڕکابەری ساختە بۆ سەرۆک و بەرێزیرەکان، لیژنە و کۆمسیۆنە ساختەکانی سەرپەرشتیکردن و چاودێری هەڵبژاردنەکان، چاودێرانی ساختەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، ریفراندۆمی ساختەی هەموارەکانی دەستووری و درێژەدانی دەسەڵات و ڕەوایەتی ستەمکاری دەسەڵات و بەبێبوونی هیچ پەناگەیەکی ئاشتیانەی مەدەنی و دەزگایەکی دادوەری

ناوەخۆی کارا کە چاودێری ئەم پرۆسانە بکات، چونکە هەر جۆرە تانە و بەرەنگارییەك بەرانبەر بە ساختەكارییەكانی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆمەكانی دەستووری و كۆی پرۆسەكان، وەك بەرەنگاری دژ بە ڕژێم و دەسەڵاتی سیاسی وێنا دەكرێت، دواجار دەزگا و دامەزراوە دادوەرییەكانیش وەك بەشێك لە دەسەڵات بەرگری لە سیستەم و دەسەڵات دەكەن، لە وەها دۆخێكیشدا، تەنها بژاردە لەبەردەم جەماوەردا یان بڕیاردانە بە یاخیبوون و بەرنگاری دژە بە ستەمكاری، یانیش ملكەچبوون و پەیڕەویكردن لە ستەمكاری. ناكارایی و نەبوونی تایبەتمەندی دادگاكانی تری نێودەوڵەتی وەكو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و دادگای دادی نێودەوڵەتی و دامەزروەكانی دیكەی نێودەوڵەتی و پەیڕەویكردن لە پرەنسیپی دەستێوەرنەدانی مرۆیی و سیاسەتی بەرژەوەندی زلهێزەكان، جیهان دەخاتەبەردەم چەند پرسیارێكی مۆراڵی و ئەخلاقی، چی بكەین و چارەسەر بۆ ئەم دۆخە چییە؟. بۆ وەڵامی ئەم پرسانە و ئەم دۆخەی ئێستای بەشێكی جیهان تێیكەوتووە، پێویستە خەیاڵ بكەین و بیر بكەینەوە لە ئامراز و شێوازێكی دیكەی هەم سیاسی و هەم مەدەنی و ئاشتییانە بۆ پاراستنی دیموكراسییەت و پاراستنی مافەكان، دەتوانین پەرە بە بوژاندنەوەو دروستكردنی پێكهاتەیەكی نێونەتەوەیی و دادگایەكی نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری بۆ ئەوەی تەحەدای ڕژێمی ستەمكار و پاوانخوازی میلیتاریست و سیاسەتەكانی دڕندەیی و سووكایەتی بكات، هاوشێوەی دادگای لاهای بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەكان كە توانای بڕیاردان هەبێت لەسەر یاسایبوون و ڕەوایەتی هەڵبژاردنەكان (Moncef Marzouki,1999).

بۆ هەڵسەنگاندنی وتارەكەی (مەرزوكی) سەبارەت بە پێویستییەتی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، دوو ڕەوت و تێگەیشتنی جیاواز هاتنەكایەوە. ئەگەرچی پرۆفیسۆری ئەمریكی (لویس هێنكن)، كە یەكێك بوو لە بیرمەندە سەرەكییەكانی بزاڤی مافی مرۆڤی مۆدێرن، لە كتێبەكەی بەناونیشانی (سەردەمی ماف) سەردەمی ئەمڕۆی بە سەردەمی مافەكان ناوزەند كردووە و نیوەی كۆتایی سەدەی بیستەم – دوای جەنگی جیهانی دووەم – وەك سەردەمی زێڕینی مافەكانی مرۆڤ ناساند. لە دیدی ئەودا، مافەكانی مرۆڤ وەك بیرۆكەی سەردەمی ئێمە، تاكە بیرۆكەی مۆراڵی سیاسیی بوو كە ڕێكەوتنێكی دەستەجەمعی نێونەتەوەیی بەدەستهێنا، ئەم بیرۆكەیە نەك هەر لە ئاستی ئیدیال و تیۆری، بەڵكوو وەك بیرۆكەیەكی جەوهەری كۆدەنگی پراكتیكیشی وەرگرتووە و نزیكەی (150) وڵات كە جیاوازی ڕیشەیان لە نەریتی كولتووری، ئایینی و سیاسیدا هەیە، ئەم مافانەیان لە باوەش گرتووە [4]. بەڵام بە پێچەوانەی دیدگاكانی (لویس هێنكن)، ئەم ڕەوت و ئاراستەیە، وەك ڕاستییەكی سەلمێنراو، دان بەوە دەنێن كە مافەكانی مرۆڤ و دیموكراسییەت لە دابەزین و پاشەكشێی جددیدان، دوای ٧٠ ساڵ لە "UDHR" و دەستپێكردنی بزووتنەوەی مافەكانی مرۆڤ، كۆمەڵێك نیشانە دەریدەخەن، سەردەمی مافەكانی مرۆڤ كۆتایی هاتووەو ئەم بزاڤە نەیتوانیوە جیهانێكی یۆتۆپیایی بۆ مافەكانی مرۆڤ بێنێتەكایەوە (Makau Mutua, 2015, VI). لە دیدی ئەم ڕەوتە، گرفتی گەورەی بەردەم دیموكراسیەتی سەردەم، فێل و چاوەشەكارییە لە دیموكراسییەت كە پێی دەگوترێت فێڵ یاخود چەواشەكاری دەستووری (Constitutional Fraud)، ئەم دەردە لە نێو پرۆسەكانی حوكمڕانی دونیا بەرەو زیادبوون و پەرەسەندن دەچێت، بەتایبەتی لە دوای ساڵی 2006 كە جیهانی خستۆتە نێو پاشەكشێیەكی خێرا و درێژخایەنی دیموكراسییەت. بەبێ هیچ ئەرگۆمێنتێك و نیشانەی پێچەوانە، لە دونیای ئەمڕۆدا تەنیا لە سەدا شەش و پۆینت چواری 6.4%ی جیهان لە ژێر چەتری حوكمڕانی دیموكراسییەتێكی تەواودا دەژین، لە سەدا حەفتای جیهان لە ژێر جەبری حوكمڕانی دیكتاتۆر و ستەمكاران بەڕێوەدەچێت. بۆیە ئەم ڕەوتە، وەك ڕاستییەكی سەلمێنراو، دونیای ئەمڕۆ بە دونیای دۆڕانی دیموكراسی وێنا دەكەن.(Richard Albert,2022 p 5.) .

ئەگەر نموونە بە وڵاتێكی وەكو ئەمریكا بێنینەوە كە یەكێكە لە وڵاتانی خاوەن دەستووری لیبراڵی و دیموكراسییەت و لانكەی فیدرالیزم، پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی ئەمریكای ساڵی 2020 لەڕووی ستانداردەكانی دیموكراسی كەوتە ژێر پرسیاری جددی و ڕەخنەكردنەوە. ئەگەرچی ساڵانێك بەسەر هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی ئەمریكای ساڵی 2020 تێدەپەڕێت، بەڵام تاوەكو ئێستاش زۆرێك لە ئەمریكییەكان بە گومانن لەوەی كە (جۆزێف بایدن Joe Biden) بەگوێرەی ستانداردەكانی دیموكراسی، چل و شەشەمین سەرۆكی هەڵبژێردراوی دەستووری و شەرعی ئەمریكا بێت، بۆیەشە چەندین داوای تانەدانی یاسایی سەبارەت بە دەستووریبوونی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن 2020 تۆماركراون و لەلایەن دادگاكانەوە ڕەتكراونەتەوە، بەگوێرەی ئامارەكان لە سەدە (26)ی هاوڵاتیان دەرەنجامەكانی هەڵبژاردنی 2022ی ئەمریكا ڕەتدەكەنەوەو باوەڕیان بە شەرعییەتی دەسەڵات نییە، لە سەدا (16%) كەوتوونەتە دۆخی بێمتانەیی و

باوەر بە هیچ ئەنجامێك ناکەن. بەم شێوەیەش پرۆسەی هەڵبژاردن چاڵەکانی دیموکراسییەتی وڵاتەکەی قوڵتر کردووەتەوەو دەرەنجامی سەختی بۆ سەر سیستەمی یاسا و پرۆسەی سیاسەت لێکەوتۆتەوە. لە لایەك ویلایەتەکانی ئەمریکا بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە دەنگی زیاتر گۆڕانکاری لە یاسا و مەرج و ناوچەی دەنگدان دەکەن. لە دیویکی تر، هێرشکردنە سەر پایەتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە 2021/1/6 ( January 6 United States Capitol attack) وەك نارەزایی بەشێک لە لایەنگرانی چل و پێنجەمین سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ) لە بەرانبەر دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ی ئەمریکا و هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن وەك لێدانی چەقۆیەکی تر لە گەردەنی دیموکراسییەتی ئەمریکا وێنا دەکرێت.(Richard Albert,2022, p 6 -11- 13).

بۆیە لە دیدی یاساناسانی بواری یاسای دەستووری ئەمریکا، نەك هەر تەنها دیموکراسییەت لە ژێر مەترسی و هەڕەشەی پاشەکشێ دایە، بەڵکوو دیموکراسییەتی دەستووری و دەستووری لیبرالی ئەمریکا (بە دیاریکراوی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2016 و هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ) کەوتۆتە ژێر رەحمەتی گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەم جۆرەش هۆکاری لاوازبوونی دیموکراسییەت دەخەنە ئەستۆی پاشەکشێی دەستووریی (Constitutional Retrogression)، پاشەکشێی دەستووریش کاریگەری لەسەر دارمانی دامەزراوە دیموکراسییەکان دەبێت، بۆیە پێشبینی دەکەن سەردەمی داهاتوو سەردەمی فشار و قەیران بن بۆ سەر دیموکراسی لیبرالی، لە کاتێکدا دەستووری ئەمریکا دەستوورێکە بەسوود وەرگرتن لە ئایدیاکانی رۆشنگەری لەلایەن دامەزرێنەرانەوە دارێژراوە ( Aziz Huq & Tom Ginsburg, 2018, p 78 – 168-169.).

لە دیدی بەشێکی دیکەی توێژەران، پۆپۆلیزم (Populism) وەك بەربەستێکی دیکەی بەردەم دیموکراسی و دەستووریەتی سەردەم وێنا دەکەن، لە دیدی ئەواندا، بەشداری حکومەتە کۆنەپەرست و پۆپۆلیستەکان بۆنەتە هەڕەشە لە بەرانبەر سەروەری یاسا و دیموکراسیی لە نێو هەندێ دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ئەورووپا، پۆپۆلیزم لە چەند روویێکەوە دەبێتە مەترسی بەردەم حوکمڕانیی دەستووری; سەروەری جەماوەری وەك بانگەشەیەکی سەرەکی پاساوبەخشی پۆپۆلیزم و حوکمڕانیی زۆرینە وەك شێوازی سەرەکیی حکومەتی پۆپۆلیست بەو واتایەی پۆپۆلیزم هەڕەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەر ئەو سیستەمە سیاسیانەی کە لەڕێی هەڵبژاردنەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیان تیادا دەکرێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کەسانێك بانگەشەی نوێنەرایەتی هەموو خەڵک بکەن و بە ناوی خەڵکەوە دژایەتی دەسەڵات و حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەن و خۆیان وەك نوێنەر و بەرگریکاری خواست و داواکارییەکانی نیشانبدەن. سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە زۆربەی وڵاتانی دونیا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی لەسەر مانەوەی دیموکراسییەت دروستکردووە، سەرکردە پۆپۆلیستەکان چ لە رەوتی راست یاخود چەپ، بەرووونی مەیلی پاوانخوازی و ستەمکاریان نیشانداوە. زۆرێک لە سەرکردە پۆپۆلیستەکان بوونەتە هەڕەشە لەسەر هەناسەی ئازادی تاوەکو ئاستی خنکانی دیموکراسی ( Paul Blokker, 2019, p. 536; Weyland, K. ,2020, p389-406).

رەوت و ئاراستەی دووەم، وەك وەڵامگۆیەك بۆ رەوت و ئاراستەی یەکەم، پاشەکشێی مەترسیداری دیموکراسی بە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی ئەرێنی وێنا دەکەن، بەو پێودانگەی ئەمە مەترسیە بووە بەفاکتەری بە ئاگاهێنانەوەی بیرمەند و ئەکادیمیست و پسپۆر و ئەکتەرە سیاسییەکان و کۆکردنەوەی وزە و دیدگاکانیان لە هەمبەر دەستنیشانکردنی برینە قوڵەکانی سەر جەستەی دیموکراسی و گرفتی فێڵی دەستووری و دۆزینەوەی رێگەچارەی رزگارکردنی دیموکراسی لە دەردی دەستوورییەتی زۆرداری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەستووری "الدستورية التعسفية" (Abusive Constitutionalism)[5]، کە دیاردەیەکی مەترسیداری سەر بە نەوەی تیۆری فێڵی دەستوریە ( Fraude à la Constitution). ئەم دیاردەیە دەبێتە فاکتەرێك کە بیر لەوە بکەینەوە، دیموکراسی هەر ئەوە نییە کە لە داکوت و واقیعدا دەردەکەوێت، بەڵکوو پێویستە دیموکراسییەت بە قوڵی رەگەکەی لە دڵی دەستوور داکوتا بێت. زۆرجار هەموارکردنەوەکانی دەستووری دەبنە هۆکاری گۆڕانکاری لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دەستوور وەك مافە بنەڕەتییەکان و پێکهاتەو ناسنامەی دەستوور و پاشان دەبێتە رەوایەتیدان بە دەسەڵاتی ئۆتۆکراسی یاسایی "Autocratic Legalism". لە دیدی ئەم رەوتە، سەرەڕای هەموو بەربەستەکان، لە دونیای ئەمڕۆدا، ئەکادیمیستان زۆر سەرچاوەی زانستیان لەبەر دەستە بۆ

دەستنیشانکردنی هەڕەشەکانی سەر حوکمڕانیی دەستووری و بەرەنگاربوونەوەو شکستپێهێنانی پاوانخوازی و ستەمکاری دەسەڵات و بونیادنانی پارێزبەندی و هەنگاونان بەرەو گەرەنتیکردنی دیموکراسیەتێکی جیهانی ( Richard Albert, p .7-8).

**2.2 فاکتەر و پێویستیی هاتنەکایەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری**

بیرۆکەی دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووریی لە دەرەنجامی کۆمەڵێك فاکتەری سیاسی و بۆشایی یاسایی هاتەکایەوە، بوونی بۆشایی دادوەری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ گەرەنتیکردن و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و پرەنسیپەکانی حوکمڕانی دیموکراسیی، چونکە بە ڕوانین لە دامەزراوەکانی نێودەوڵەتی، هیچ دامەزراوەیەکی جیهانی بۆ ئەم مەبەستە بەرچاو ناکەوێت. لەم باسەدا ئەم پرسە بە دوو تەوەر ڕوون دەکەینەوە:

**1.2.2 بۆشایی دادوەری نێودەوڵەتی لە بواری ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان:**

ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، وەك مافێکی وجودی کە یاسای سروشتی بڕیاری لەسەرداوە، لە دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە یاساییەکان گەرەنتیکراون و کۆدەنگی کۆمەڵگەی جیهانی بەدەستهێناوە، بەڵام گرفتی گەورەی بەردەم ئەم مافانە نەبوونی دادگایەکی نێودەوڵەتیە تاوەکو لە چوارچێوەی تێکسی سەر کاغەزەوە بیخاتەبەردەم پرۆسەی دادگاییکردن. ئەگەر سەیری تایبەتمەندییەکانی دادگاو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بکەین، دەبینین هیچ کامیان پسپۆری و تایبەتمەندییەتی چارەسەرکردنی ناکۆکی و پێشێلکارییەکانی دستووریان نییە، بە نموونە دادگایەکی وەکو (دادگای دادی نێودەوڵەتی دادگایەکی تایبەتمەندە بە دادبینیکردن و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوان دەوڵەتان نەوەك لە نێوان دەوڵەت و تاکەکانی نێودەوڵەتەکە، هەروەك لە بەشی دووەم (ماددەی 34)ی پەیڕەوی ناوەخۆی دادگە (ICJ) هاتووە کە "تەنها دەوڵەتان دەتوانن لایەنی دۆسییەکانی بەردەم دادگا بن" ( Article 34 of Statute of The International Court of Justice). هەرچی پەیوەندیدارە بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوەخۆی ئەم دادگایە، چوارچێوەی پسپۆریەتی و تایبەتمەندیەکانی سنووردارکراوە تەنها بە بینینی دۆسیەکانی پەیوەندیدار بە چوار تاوان کە بریتین لە; تاوانی جینۆساید، دژە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و دوژمنکاری. بەم جۆرەش ئەم دادگایە لەڕووی یاساییەوە توانای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت و حوکمڕانی دەستووری نییە ( Rome Statute of the International Criminal Court 17 July 1988).

هەروەها لە دیباجەی بەڵێننامە (چارت)ی نەتەوەیەکگرتوەکانی 1945 ، بە دیاریکراویش لە بڕگەکانی (3-4)ی ماددەی یەکەمی و ماددەکانی (55-56)ی بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان 1945، جەخت لەوە کراوەتەوە کە گەلانی نەتەوەیەکگرتوەکان باوەڕیان بە مافە بنەڕەتیەکانی و شکۆی کەسی مرۆڤ و یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان لە مافەکانیاندا، ئەمە وێڕای چەند جار جەخت کردنەوە لە پرسەکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری، بەپێی بەڵێننامە گەلان و دەوڵەتان ئەرکی پاراستن و بەرەو پێشبردن و گەشەپێدانیان لەسەرەو بۆ ئەمەش بە ڕێکخستنی تەندروست لە بواری لێپرسینەوەو بەدواداچوون دەبێ پابەند بن و میکانیزمی ڕاستەقینە بگرنە بەر، ئەمە وێڕای ئەوەی کە نەتەوەیەکگرتوەکان لە مێژووی خۆیدا لە ڕێگەی لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی و لیژنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەم بوارەدا کار و ئەرکی مەزنی ئەنجامداوە.

ئەم پرۆسەیە ئەوەش دەخوازێت کە ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان لە دەستوور و یاساکانی نێوخۆییدا ڕەنگبداتەوە، بەو واتایەی لەکاتی پرۆسەی داڕشتنی دەستور و پرۆسەی سیاسەتی یاسادانان، ڕەچاوی ئەم بنەما و پرەنسیپە نێودەوڵەتیانە بکرێت، بۆ نموونە، جاڕنامە جیهانی مافەکانی مرۆڤ 1948 و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکانی 1966، پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکانی 1966، ڕێکەوتنامەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و سزای توند و نامرۆڤانە و ڕێکەوتننامەکانی تایبەت بە نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك و ڕێکەوتنامەی توندوتیژی دژی ژنان. سەرەڕای بوونی ئەم هەموو ڕێکەوتنامە و تێکستە یاساییە نێودەوڵەتیە بۆ دەقنووسکردنی ماف و ئازادییەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ دادگایەکی نێودەوڵەتی بوونی نییە تاوەکو تاکەکان وەك پەناگەیەك بۆ پارێزگاریکردن لەم مافانە پەنای بۆ ببەن، تەنها ئەوە نەبێت کە کۆمەڵێك دامەزراوەی نیمچە دادوەریی (The human rights treaty bodies) کە بریتین لەو دەزگایانەی لەڕێگەی لیژنەی پسپۆڕی سەربەخۆ چاودێری جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتیە سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ دەکەن. هەر دەوڵەتێکی ئەندامی پەیماننامەیەک پابەندە بە هەنگاونان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە

هەموو کەسێک لە دەوڵەتەکەدا دەتوانێت سوودمەند بێت لەو مافانە کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە. بۆیە ڕۆڵی ئەم دەزگایانە کورتدەکرێتەوە لە چاودێری جێبەجێکردنی ئەم پەیمانە و ڕێکەوتننامانە لەکاتی پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام بە دەرکردنی ڕاسپاردە بۆ ئەو وڵاتانە.

بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمی، کۆمەڵێك دامەزراوەی دادوەری بۆ پاراستن و نوێنەرایەتیکردنی مافەکانی مرۆڤ ئامادەیان هەیە، لەوانە; دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ (European Court of Human Rights)، دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەمریکی ( Inter-American Court of Human Rights)، دادگای ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ ( La Cour africaine des droits de l'homme et des peuples)، هەرچی پەیوەندیدارە بە جیهانی عەرەبی، وێڕای بوونی کۆمکاری عەرەبی و میساقی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەڵام هیچ دامەزراوەیەکی دادوەری بوونی نییە بۆ پاراستن و گەرەنتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەیرکردنی ناکۆکی و پێشلکارییەکانی پەیوەست بەم مافانە. سەبارەت بە دادگاکانی هەرێمی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، مەرجە دەوڵەتی ناوچەکە ئەندامی دادگا بێت و پەیوەستبوونی خۆی بە بەڵێننامە ڕابگەیێنێت و پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵەکان پەسەند بکات، هەندێك لە دادگاکان ئەو مافە بە تاکەکان دەبەخشن کە ڕاستەوخۆ پەنا ببەنە بەر دادگاکە لەکاتی پێشێلکاری مافەکانیان، لەوانەش دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی ئەوروپی، بەڵام بۆ هەر یەکە لە دادگای ئەمریکی و ئەفریقی، پێویست دەکات تاکەکان لەڕێگەی لیژنەکانی مافی مرۆڤ پەنا بۆ دادگاکانیان ببەن (فاطمة أحمد الشافعي، 2020، ص 38).

**2.2.2 بۆشایی دادوەری نێونەتەوەیی پەیوەست بە پرەنسیپەکانی حوکمڕانیی دیموکراسی**

دیموکراسیەت یەکێکە لە بنەما بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە کۆدەنگی جیهانی وەدەستهێناوەو لە ڕێگەی پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی ئاشتی و ئاسایش پشتیوانی لێدەکات. هەروەها کار دەکات بۆ گەشەپێدان و پتەوکردنی حوکمڕانی باش و چاودێریکردنی هەڵبژاردن و پشتیوانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان و گەرەنتیکردنی مافی چارەنووس لەو دەوڵەتانەی کە کۆڵۆنیالیزم تێیدا کۆتایی هاتووە، لەلایەکی دیکەوە، یەکێك لە وەزیفەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریکردنە لە دارشتنی دەستور بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە قۆناغی ململانێیان تێپەڕاندووە (غورسن سورنسن،2015 و د. الشيباني منصور أبو حمود ، 2017).

وێڕای ئەو ڕۆڵە گرنگانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژیانی سیاسی دەوڵەت و نەتەوەکانی دونیا، بەڵام بە وردبوونەوە و گەڕانەوە بۆ بنەماو دامەزراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، هیچ دامەزراوەیەکی دادوەری نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی بنەماکانی دەستوور و دیموکراسیی بەرچاو ناکەوێت کە لەکاتی پێشێلکاری مافە دەستووریەکاندا، تاکەکان بتوانن وەك پەناگەیەکی دادوەریی ڕاستەوخۆ پەنای بۆ ببەن. بەو واتایەی، لەکاتی پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی وەك; بەشداری سیاسی، هەڵبژاردنی پاك و دەستاودەستکردنی دەسەلات، حوکمی گەل، پلورالیزم و فرەیی، سنووردارکردنی دەسەڵات، سەروەری یاسا و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ ...هتد، دادگا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بە هۆی نەبوونی تایبەتمەندییەتی و بنەمای دەستێورنەدان لە کاروباری ناوخۆیی، بێدەنگی هەڵدەبژێرن. جگە لە دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپی نەبێت کە لەرێگەی ئامرازی دادوەرییەوە پارێزگاری لە بنەماکانی دیموکراسییەت دەکات. سەبارەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان، هیچ دەسەلاتێکی پابەندکەری نییە لە بابەتی مافەکان و بنەماکانی حوکمی دەستووری، ئەو ئامراز و دەقە جۆراوجۆرانەی کە لە بەڵێننامەکەدا هاتوون، ئەو میکانیزمانەی کە بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردنی دابینکراون، وەك پێویست کارا نین. بیرمەندی فەڕەنسی چارلز پێگی ( Charles Pierre Péguy) ناکارامەیی و ڕۆڵی لاوازی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی دیکەی نێوەوڵەتی بە تێزێکی ئەخلاقی "کانت"ەوە دەچوێنێت کاتێك دەڵێت: "دەستپاکە بەلام دەستی نییە". چونکە بەشێك لەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانە و ئەو کەسانەشی کاریان تیادا دەکەن، هیچ دەسەلاتێکی دادوەریان بەسەر پاراستنی مافەکان مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسییەتەوە نییە. (Cahiers Portalis, 2019, p. 189-194). ئەگەرچی ڕێکەوتننامە و پەیماننامەکان بەدەقی جوان لەدوای یەك ڕیزکرا بن، کۆمەڵێك دەزگا سیاسی بۆ چاودێری فەراهەم کرابن، بەڵام تاوەکو لە ئەرزی واقیعدا لەرێگەی دامەزراوەیەکی دادوەری نێودەوڵەتی بە وردی و ڕژدی نەخرێنە گۆرەپانی دادبینیکردن، ئەوا دیموکراسی لەژێر هەژمووی ستەمکاریدا دەرباز نابێت.

**3.2.2 پرسی بەدەستوریبونی یاسای نێودەوڵەتی و بەنێودەوڵەتیکردنی دەستورە نیشتمانیەکان**

دەستورو یاسا نیشتمانییەکان ئەرێنیانە بە یاسای نێودەوڵەتی گشتی کاریگەر دەبن، لە پێش هەمووشیانەوە کاریگەر بوونیان بە رێکخستنی دەسەڵاتە گشتیەکان و بابەتەکانی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنیان. دەسەڵاتی یاسادانان لە دانان و هەموارکردنی یاساکاندا کاریگەر دەبێت بە ئاڕاستەی نوێی مرۆڤانە، ئەوەی پەیوەندی بە مافەکانی تاکەوە هەیە، هەروەها دەسەڵاتی راپەڕاندن لە هەموو بوارەکانی رێکاری و بابەتی کارەکانی لە سەر ئەم بنەمایانە فراوان دەکات، ئەمەش بە بەلەرچاوگرتنی دیاردەی بە نێودەوڵەتیبوونی دەستورە نیشتمانیەکان(د. أكرم الوتري، 2004، ص5).

دوای سەرهەڵدانی پرۆسەی بەدەستووریکردنی یاسای نێودەوڵەتی (The Constitutionalization of International Law) کە لە ناوەڕاستی سالآنی نەوەدەکانەوە لەلایەن (یۆرگن هابەرماس) وەك پرۆژەیەک بۆ سیستەمی جیهانی داهاتوو خرایەڕوو، کرۆکی پرۆژەکە بەستنەوەی دەسەڵاتی جیهانی و ناوچەیی و نیشتمانی بە یاساوە بۆ ئاسانکاری و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان، لە هەمان کاتدا پاراستنی ئازادی تاکەکەسی لە رێگەی مافەکانی مرۆڤەوە، لە دیدی (هابرماس) دا بوونی یاسای نێودەوڵەتی گرنگ و پێویستە، بەڵام دەبێت فۆڕمی کارکردنی بگۆڕدرێت بۆ سیستەم و یاسایەکی گشتگیر کە دەوڵەتان و هاوڵاتیانی جیهان بە یەکسانی رێکبخات ( Cohen, Jean L. 2017, p. 143-152.).

هەروەها سەرهەڵدانی هاتنەکایەی بە نێودەوڵەتیکردنی یاسای دەستووری کە پرۆسەیەکە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا سەریهەڵدا بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی یاسای دەستووری و بەمەبەستی گواستنەوەی چەمك و میکانزمەکانی ناو دەستووره ناوخۆییەکانی وەك پێداچوونەوەی دادوەریی، لێپرسینەوەی دیموکراسی، فیدرالیزم، دەستوریەتی جیهانی و دەستوریەتی دەرەوەی سنووری نیشتیمانی وەك پرسی نێودەوڵەتی ( Wen-Chen Chang and Jiunn-Rong Yeh, 2012. P 1165.).

ئامانج لە دیاردەی بە نێودەوڵەتیکردنی دەستور کۆدەنگییە لەسەر زۆربەی پرینسیپە دەستوریەکان تاوەکو هەمان چوارچێوەی هاوبەشیان هەبێت لە ناو دەقەکانی دەستورەکانی جیا، واتە بە هەوڵدان بۆ یەکخستنی پرینسیپ و رێسکانی دەستور بۆ ئەوەی شایستەی پیادەکردن بن لە سەر ئاستی جیهان لە میانەی کاریگەربوونی کرۆکی سەروەری لە ناو دەوڵەت بە رێساو حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی. هەروەها ئەم بەنێودەوڵەتیکردنە دەبێتە هۆی گۆڕانی زۆر لەو پەیوەندیانەی کە یاسای نێودەوڵەتی رێکی دەخات، واتە لە نێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و پەیوەندی نێوان تاکەکان و دەسەڵاتەکان.

لێرەشدا وەك هیلین تورار دەڵێ، نامانەوێت ئەم بابەتە پەیوەست بێت بە رێچکەی دوانەیی یان تاکی بۆ شرۆڤەی نێوان یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، باسکردن نییە لە پێشکەوتنی دەقە دەستوریەکانی پەیوەست بە هەڵوێستی دەوڵەت لە بەرامبەر یاسای نێودەوڵەتی واتە رێسای دەستوریی کە لەرووی نێودەوڵەتییەوە پەیوەستە بە دەوڵەت خۆی، یاخود وەك بوریس میرکین کویتیفیج بۆی چووە و دەڵێ شۆڕشی فەرەنسا بنەمای یاسای دەستوریی هاوچەرخەو بڵاوبوونەوەی ئاڕاستەی نێودەوڵەتیە بۆ دەستورەکان لەسەر ئاستی ئەوروپی. باس لە یاسای دەستوری نێودەوڵەتی دەکرێت کە لەسەر بنەمای دیموکراسیەت لە ناو دەوڵەتان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە میانەی دەقی دەستوریی هاوسەنگ بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری نێودەوڵەتی پێش دەکەوێت. واتە هەماهەنگکردنی نێوان رێسای نێودەوڵەتی و دەستورە نیشتمانیەکان. بەڵام ویڕای هەموو ئەمانە پرسی سەرەکی ێمە لەم بابەتە فراوانترەو بەگەڕانەوە بۆ هێلین تورار رێکخستنی دەسەڵاتە گشتیەکانە بە پێی دەستور کیانەکەی لەرزەری کرتووە بە هۆی بە نێودەوڵەتیبوون، و هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکیەکەی دەوڵەت دەتونەتە ژێر کاریگەری بە نێودەوڵەتیبوون، لە لایەکی ترەوە هەژموون و دەسەڵاتی بە نێودەولەتیبوون لەسەر ماف و ئازادیەکان لە رووی ناوەرۆك و میکانیزمەکانی گەرەنتیکردنی، تایبەت بە پرسی دادگا جێی مەبەستە (هیلین تورار، 2004 ، ص19 و 23.).

**3. پێکهاتە و تایبەتمەندیەکانی نێودەوڵەتی بۆ یاسای دادگای دەستووریی و بەربەستەکانی بەردەمی**

بۆ دامەزراندنی دادگایەکی دەستووری نێودەوڵەتی، هەنگاوی پراکتیکی بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە نراوە، لەم باسەدا دیدی سەرەتایی بۆ پێکهاتەی دادگاکەو تایبەتمەندی دادگا و سەرەکیترین بەربەستەکانی پێکهێنانی دەخەینەڕوو:

**1.3 ئاڕاستەی پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووریی**

لە دوای نووسینی وتارەکەی لە ساڵی 1999، وەك بڕوادارێکی سەرسەختی

دیموکراسیی و دەستورخوازی و ئەکتەرێکی چالاکی مافەکانی مرۆڤ، "مەرزوکی" بەردەوامبوو لە برەودان و گەشەپێدانی بیرۆکەی دامەزراندنی دادگای دەستووری نێونەتەوەیی، بەڵام لەکاتی خستنەڕووی بیرۆکەکەی جگە لە وتارنووس و پزیشکێك هیچ ڕۆڵێکی دیکەی لە نێو حکومەت و دەسەڵاتی ئەوکاتی توونسدا نەبوو. دوای تێپەڕینی دوانزە ساڵ بەسەر وتارەکەی و سەرهەڵدانی شۆڕشی بەهاری عەرەبی و بە دیاریکراوی لە ساڵی 2011، سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی لە تونس گۆڕانی ڕیشەیی تێکەوت و هەناسەیەکی دیموکراسیی وەرگرت، بەمەش دەرفەت بۆ "مەرزوکی" ڕەخسا بەشێوەیەکی کاتی لە نێوان ساڵی 2011 تاوەکو 2014 لە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسی وەك چوارەمین سەرۆك لە مێژووی تونس و دوای ڕوخانی ڕژێمی (زین ئەلعابیدین بن عەلی) دەسەڵات بگرێتەدەست. دوای سوێندخواردنی وەك سەرۆکی کاتی قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسی لە تونس، کۆمسیۆنێکی تایبەتی بۆ دارشتنی ڕەشنووسی پەیڕەوی دادگای دەستووری نێونەتەوەیی دامەزراند کە خۆی سەرپەرشتی دەکرد (Richard Albert, 2022, p 11).

لە پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پێشنیارکراوی دادگای دەستووری نێودەوڵەتیدا ئاماژە بەوە کراوە کە ژمارەی دادوەرەکانی دادگاکە (21) دادوەر دەبێت، هەر وڵاتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان یەک کاندیدی خۆی دەستنیشان دەکات، پاشان لیژنەیەک کە پێکهاتووە لە دادوەرەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی، دادوەرەکانی دادگا تاوانکاری نێودەوڵەتی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی، تەنها (42) ناو لە لیستی کاندیدەکان لەسەر بنەمای دەستپاکی و لێهاتوویی و ئەزموون هەڵدەبژێرن. لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (21) دادوەری لە لیستی کاندیدکراوان ڕادەسپێردرێن بۆ ئەوەی وەک دادوەر لە دادگای دەستووری نێودەوڵەتی خزمەت بکەن (Laith K. Nasrawin, 2016, p392.).

بەگوێرەی بۆچوونی ئێمە، ئەم شێوازە لە دانانی ژمارەی دادوەران و گوزارشت لە دیموکراسی نوێنەرایەتی دەوڵەتان دەکات، چونکە هەموو دەوڵەتان بەشدار دەبن لەم پرۆسەیە بەبێ ئەوەی مەرجی چوونەریزی میساقی دادگای دەستووری نێودەوڵەتیان بەسەردا بکرێتە مەرج، بەپێچەوانەی دادوەرانی دادگای دادی نێودەوڵەتی کە لەلایەن دادگای تەحکیمی نێودەوڵەتی پێکدەهێنرێت نەك لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دادوەرەکانی لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام لە میساقەکە نەك هەموو وڵاتانی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەها لە پێناو پاراستنی بنەمای سەربەخۆییەتی دادگا (مبدا الاستقلال) لە پرۆژەکەدا ڕۆڵی دانانی دادوەرەکان سپێردراوە بە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەحوکمی ئەوەی نوێنەرایەتی گشت وڵاتانی ئەندام دەکات نەك ئەنجوونی ئاسایشی نێودەوڵەتی، چونکە ئەنجوومەنی ئاسایش زیاتر ڕۆڵی سیاسی دەبینێت و لە (15) ئەندام پێکدێت کە لە پێنج ئەندامی هەمیشەیی و (10) وڵاتی تر پێکدێت، ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش لە هەر کات و ساتێکدا بێت مافی بەکارهێنانی ڤیتۆیان دەبێت، بۆیە ئەستەمە ئەم ئەنجوومەنە بتوانێت نوێنەرایەتی پرەنسیپی یەکسانی بکات.

بەرمەبنای تێگەیشتنی لیژنەی دامەزرێنەری دادگای دەستووری نێودەوڵەتی، فەلسەفە و پاڵنەری ئەم دادگایە دوو لایەنەیە (Twofold):

- **پاڵنەری یەکەم:** لەوەدا خۆی دەنوێنێت؛ ئەرك بخاتەسەر شانی دەوڵەتان کە ڕێز لە بنەما و ڕێساکانی پەیوەست بە دیموکراسی، سەروەری یاسا، هەڵبژاردنی دەوری (Periodic)، کێبرکێیی (competitive) و پاك و ڕاستەقینە (genuine) بگرن، لەکاتی بوونی سەرپێچی و پابەندنەبوون بەم ئەرکانە، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.
- **پاڵنەری دووەم:** لە یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرچەندە دەوڵەتان هەڵگری ئەم ئەرکانەن کە خستمانەڕوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆربەی جیهان لە ژێر سێبەری ئەم ڕژێمانەدا دەژین کە سەرپێچی لەم ئەرکانە دەکەن، بێگومان دەوڵەتانی دەسەڵاتخوازی (Authoritarian states) تاوانباری سەرەکین لەم دۆخە، ئەوانە کە بە بەرچاوی دونیا پێشێلی بنەماکانی دیموکراسییەت دەکەن. بەڵام لیژنەکە بە تەنها کارتی سوور بەرەوڕووی ئەو دەوڵەتانە بەرز ناکاتەوە، بەڵکوو ئەو دەوڵەتانەش ئاگادار دەکاتەوە کە حوکمڕانیان دیموکراسیە، چونکە زۆرێک لەو دەوڵەتانەی بانگەشەی دیموکراسییەت دەکەن، لە ئاست ئەو چاوەڕوانییە نین کە لێیان مەزەندە دەکرێت بەم پێودانگەش، ئامانجێکی دیکەی لیژنەی دارشتنی ڕەشنووسی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری بە نێودەوڵەتیکردنی یاسای دەستوریە ( Internationalization of Constitutional Law)، بەو واتایەی، یەکێکی تر لە ئامانجە جەوهەرییەکانی ئەم بیرۆکەیە، دروستکردن و جێبەجێکردنی دەستوورێک بۆ هەموو جیهان-

دەستوورێکی جیهانی (A World Constitution). هەروەك چۆن لیژنەکە بە ڕاشکاوی ئەوە دەخەنەڕوو: "پێویستە جەخت لەسەر بەنێودەوڵەتیکردنی یاسای دەستوری بکرێتەوە، واتە جەختکردنەوە لەسەر بنەما یاسایە نێوخۆییەکانی دەستووریی کە هەموو گەلانی جیهان تیایدا هاوبەشن، وەك بەها و نۆرمەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان، بنەما دیموکراسیەکانی دەسەڵاتی سیاسی، ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی دادوەری" ( Richard Albert, 2022, p 8).

**2.3 تایبەتمەندییە بابەتیی و ڕێکارییەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری**

بە گوێرەی ڕەشنووسی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، دادگا لەڕووی پسپۆرییەتی و تایبەتمەندییەتی دوو جۆر پسپۆرییەتی و ڕۆڵی جیاواز دەبینێت، ڕۆڵی دادوەری و ڕۆڵی ڕاوێژکاری:

- **یەکەم: ڕۆڵی دادوەری:** ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندیخوازن لەم داوایانە یاخود ماف و ئازادییەکانیان پێشێلکراون، دەتوانن داوای یاسایی لەبەردەم دادگای دەستووری نێونەتەوەیی بجولێنن. جگە لە تاکەکان، ئەم لایانانەی مافیان دەبێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ پەنا ببەنەبەر دادگا؛ حکومەتەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، پارتە سیاسییەکان ، کۆمەڵە نیشتمانییەکان و سەندیکاکانی کرێکاری، گروپە پیشەییەکان، هەریەکێک لەم لایەنانە دەتوانن دەقی داواکاری (کۆتایی یان ڕەشنووس)ی پەیوەست بە دیموکراسی یان مافەکانی مرۆڤ پێشکەش بە دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری بکەن بۆ ئەوەی ڕاو بۆچوونی خۆی لەبارەی کەیسەکە دەربرێت کە ئاخۆ ئەم کردەوە یانیش ڕەشنووس و پرۆژەو دەقێکی تەشریعی لەگەڵ ڕێسا و بنەماکانی تایبەت بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا دەگونجێن یاخود نا ( Richard Albert, 2022, p8).
- **دووەم: تایبەتمەندی ڕاوێژکاری (Advisory Jurisdiction):** دادگا دەبێتە مەرجەعێکی ڕاوێژکاری لە خزمەت دەوڵەتان و دامەزراوەکانیان بۆ دەبڕینی بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردە کە سروشتی یاساییان دەبێت. هەروەها دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری، ڕاو بۆچوونی ڕاوێژکاری سەبارەت بە ڕەشنووس و پرۆژە یاساکانی پەیوەست بە دیموکراسی و ماف و ئازادییە گشتیەکان پێشکەش دەکات کە لەلایەن حکومەتەکان یان ئۆرگانە گشتیەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، پارتە سیاسییەکان، یان کۆمەڵە نیشتمانییەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکانەوە دەخرێنە بەردەمی، دادگا پابەندە بە پێشکەشکردنی بۆچوونی ڕاوێژکاری خۆی لە ماوەی شەش مانگدا لە بەرواری وەرگرتنی داواکارییەکە سەبارەت بەوەی کە تا چەند هەر بڕگەیەکی یاسایی یان ڕەشنووس و پرۆژەیەکی یاسایی هاوکۆکە لەگەڵ بنەما و نۆرمەکانی دیموکراسی و ماف و ئازادییە گشتیەکاندا، لەم حاڵەتەشدا، دادگا دەسەڵاتی پێشنیاری دەستکاریکردنی ڕەشنووس و پرۆژەی یاسایی دەبێت ئەگەر بۆی دەرکەوت لەگەڵ ستاندارەکانی ماف و ئازادییەکانی تاك ناگونجێت.

ئەوەی پەیوەستە بە ئەرکی دادوەری (The Judicial Function)، ڕۆڵی دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری بریتی دەبێت لە بڕیاردان لەسەر دەستووریبوونی ئەو کردەوانەی کە لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە ئەنجام دەدرێن، وەک ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نیشتمانی و بڕیارنامەکانی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی حکومەت سەبارەت بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاک بە ئامانجی بونیادنان و دامەزراندنی دیموکراسییەتێکی جیهانی و سیستەمی دەستووریی نێونەتەوەیی. هەروەها دادگا دەسەڵاتی بڕیاردانی لەسەر تۆمەت و داواکارییە جدییەکان (Serious Allegations) پەیوەست بە نۆرم و بنەماکانی دیموکراسی و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی گشتی پاك و ئازاد و دادپەروەرانەی دەبێت، بە مەرجێک هیچ دەرچەو دەرگایەکی دیکەی چارەسەر لە دادگا و دامەزراوەی نیشتمانییەکان و ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوە، توانای چارەسەرکردنیان نەبێ.

سەرەڕای ئەوەش، دادگا دەسەڵاتی دادوەری دەبێت بۆ پێداچوونەوە بەو دەستوور و یاسایانەی کە ناکۆکە لەگەڵ خواستنی تاك و هاوڵاتی و دەتوانن داوای پێداچوونەوەیان بکەن، دادگا دەسەڵاتی پێدەدرێت بڕیار بدات بە پووچەڵکردنەوەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە ئەنجامدراون، هەروەها ناشەرعیبوونی دەسەڵاتەکە بخاتەبەردەم دەزگاکانی نێودەوڵەتی ئەگەر دەرکەوت ساختەکاری لە پرۆسەکە ئەنجامدراوە. کەواتە، تایبەتمەندیی ڕێکاری و شێوەی دادگای دەستووری نێونەتەوەیی خۆی لە تایبەتمەندییەتی پابەندی (الالزامی) و تایبەتمەندییەتی ڕاوێژکاری (الاسترشادی) دەبینێتەوە، تایبەتمەندی پابەندی دادوەری و تەدابیری کاتی لەخۆ دەگرێت، مەبەست لە ڕێککاری دادوەری

بریتییە لە حوكمدان بە ڕەتدكردنەوە (الحكم فى الالغاء) و حوكمدان بە قەرەبۆكردنەوە (الحكم فى التعويض). لە بەرانبەردا تەدابیری كاتی دادگا (التدابير الوقتية) بریتین لە حوكمی دادگا بە ڕاگرتنی جێبەجێكردن و سڕكردنی ڕێكارە نادەستووریيەكان و دەركردنی تەدابیری ئیلزامی سەبارەت بە كەیسەكە. هەرچی پەیوەندیدارە بە پسپۆرییەتی ڕاوێژكاری دادگا، ئەوا خۆی لە ڕادەبرین (إبداء الرأي) لەسەر بابەت و دەق و پرسە یاسایيەكان دەبینێتەوە. لەگەڵ ڕۆڵی تەفسیركردنی بنەماكانی دەستووری و تەفسیری چۆنییەتی جێبەجێكردنی تایبەتمەندییەتی بابەتی. لەڕووی مەرجەكانی تۆماركردنی داوا لەبەردەم دادگای دەستووری نێونەتەوەیی، پڕۆژەكە جیاوازی كردووە لە نێوان داوای دادوەری و داوای ڕاوێژكاری، لە داوای دادوەری مەرج نییە خاوەن ماف یاخود ئەو كەسەی داوا تۆمار دەكات بەژەوەندی لە داواكەدا هەبێت، بەڵكوو بەبێ مەرجی بەرژەوەندی هەموو كەسێك مافی تۆماركردنی داوای دەبێت ئەمەش پێی دەگوترێت داوای ( *Actio popularis*) كە بریتییە لەو داوای لەلایەن كەسێك بەرز دەكرێتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بە سەلماندنی بەرژەوەندی تایبەتی هەبێت و وەك هەولێك بۆ بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی، بەڵام بە گوێرەی پڕۆژەكە بۆ داوای ڕاوێژكاری بەرمەرجی داناوە كە ئەو كەسەی داوا تۆمار دەكات پێویست دەكات بەرژەوەندی لە تۆماركردنی داواكە هەبێت. ( Project of The Establishment of an International Constitutional Court (2013); Laith K. Nasrawin, 2016, p216-217. and .(Richard Albert, 2022, p10.

سەبارەت بەو دەق و تێكستە یاساییانەی كە دادگا جێبەجێیان دەكات (قانون الواجب التطبيق لدي المحكمة)، بە گوێرەی پڕۆژەی دادگای نێونەتەوەیی دەستووری، دادگاكە پرەنسیپ و ڕێساكانی پەیوەست بە دیموكراسی و ئازادییەكانی گەردوونی و هەرێمی، بەتایبەتیش ئەو ماف و ئازادییانە كە لە جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكانی پەیوەست بە مافە مەدەنی و سیاسییەكان و تەواوی پەیماننامە و ڕێكەوتننامە هەرێمییەكانی پەیوەست بە مافەكانی مرۆڤ و حوكمڕانی دیموكراسیی، جێبەجێدەكات.

پڕۆژەكە لەڕووی جێبەجێكردنی ڕێكەوتننامە و پەیماننامەی هەرێمایەتی دەقی لەسەر هەریەكە لە; ڕێكەوتننامەی ئەورووپی لیشبۆنەی ساڵی 2007 و هەمواركراو بە ڕێكەوتنامەی ماستریخت و ڕۆما، ڕێكەوتنامەی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ، میساقی ڕێكخراوی دەڵەتانی ئەمریكی، ڕێكەوتننامەی ئەمریكی بۆ مافەكانی مرۆڤ، میساقی دیموكراسیی دەوڵەتانی ئەمریكا، یاسای دامەزرێنەری یەكێتی ئەورووپا، بنەماكانی جاڕنامەی هەراری ( The Harare Commonwealth Declaration 20 October 1991) كە تایبەتە بەرێكەوتنی سەرۆكی حكومەتی دەوڵەتانی كۆمۆنوێلس[6].

ئەگەر سەیری پڕۆژەی دادگا بكەین، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە لە پڕۆژەكەدا ماهییەتی ئەم پرەنسیپ و ڕێسایانەی پەیوەست بە دیموكراسییەت و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەكان و تایبەتمەندییە بابەتییەكانی بە وردی باس نەكردووە، بەڵكوو تەنها وەكو نموونە ئاماژەی بەو ڕێكەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتی و هەرێمیایەتییەكان كردووە. هەروەها لەڕووی ڕێكاری جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دادگاكە، پڕۆژەكە ئاماژەی بە ئامرازەكانی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دادگاكە نەكردووە، تەنها ئەوە نەبێت كە پێویستی كردووە لەسەر دەوڵەتی پەیوەندیدار بڕیارەكانی دادگا وەكو پرەنسیپی نیازپاكی لە ئەركی دەوڵەتان، بڕیارەكانی دادگاكە جێبەجێ بكات.

**3.3 بەربەستەكانی بەردەم دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری**

لە میانی كۆنفرانسی نێودەوڵەتی "دامەزراندنی دادگای دەستووری نێودەوڵەتی" كە لە ٣ی ئایاری ٢٠١٣ لە شاری قرتاجی تونسی بەڕێوەچوو، پرۆفیسۆری ئەڵمانی بواری یاسای گشتی و ئەندامی پێشووی كۆمسیۆنی مافەكانی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان (تۆم چاتChristian Tomuschat) لەبارەی پڕۆژەی پێشنیاركراوی دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری ئەوەی خستەڕوو كە ئەم پڕۆژەیە "یۆتۆپیایەكی كۆنكریتییە". ( REMY Constance, 2019, p.189-194). ئەم دیدەی پرۆفیسۆر (تۆم چات) ڕامانە لەوەی كە لەرێگەی ئەم پڕۆژەیە، دەشێت كاریگەری هەبێت لەسەر كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەڕووی پاراستنی و ماف و ئازادییەكانی تاك هاوشێوەی كۆمەڵگایەكی یۆتۆبیاكەی كۆماری ئەفلاتۆن و شاری فەزیلەتی فارابی كە ئامانجیان چاكەی گشتی ، ئاشتی و دیموكراسی، ماف و ئازادییەكانی هاوڵاتیان دەستەبەر بكات. بەڵام وێڕای گرنگی و پێویستبوونی دادگایەكی لەم شێوەیە، هاوشێوەی دەوڵەتشاری ئیدیال و یۆتۆبیای كۆماری ئەفلاتۆن، لە ئەرزی واقیعدا، ئەم هەوڵەش بە ئالنگاری و بەربەستی گەورەی سیاسی و یاسایی دەورەدراوە كە وادەكەن

هاتنەدی لە واقیع و داکەوت ئەستەم بێت. سەرەکیترین بەربەستە واقیعیەکان بریتین لە:

- **یەکەم:** یەکێك لەو ئالەنگارییانەی کە بە توندی لەبەردەم دامەزراندنی دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری دەوەستێت، گۆڕینی بیرۆکەی دادگایە بۆ واقیعێکی یاسایی، ئەم گۆڕانە پێویستی بە هەوڵ و هەماهەنگی رژدی نێودەوڵەتییە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە دونیای ئەمڕۆ لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی تێکەوتەوە، ئەگەری هەر هەوڵێکی لەم شێوەیە بۆ دەستەبەرکردنی رێککەوتنێکی دەستەجەمعی، هەوڵێکی دژوارە. هەروەها لەسەر ئاستی ناساندن و یەکخستنی چەمکەکانی وەك ماف و ئازادییە دەستوورییەکان، جیاوازی و ناکۆکییەکی بەرچاو لە نێوان سیستەمە سیاسی و یاساییەکانی دونیادا هەیە، ڕەنگە هەندێك کردەوەو هەڵسوکەوت لە دەوڵەت و ناوچەیەك وەك ماف و ئازاد پێناس بکرێن، لە هەمان کاتدا لە سیستەمی سیاسی و یاسایی دەوڵەتێکی تر هەمان کردەوەو هەڵسوکەوت نەك هەر وەکو ماف و ئازادی، بگرە وەك تاوان لە قەلەم بدرێن.
- **دووەم:** پرسی سەروەری دەوڵەتان و ویلایەتی دادوەری دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری، یەکێکی تر دەبێت لە ئالەنگارییە سەختەکانی بەردەم دامەزراندنی ئەم دادگایە. باڵادەستی بە تایبەتی دەسەڵاتی باڵا- ڕیشەکەیان لە چەمکی سەروەری وەردەگرن، کە ڕامانە لە (دەسەڵاتی باڵای سیاسی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و مافی داواکردنی گوێڕایەڵی [7]. کەواتە سەروەری ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی ڕەها یاخود دەسەڵاتێکی باڵا لە چوارچێوەی سەروەری ناوخۆیی و دەرەکی سەروەری ناوخۆیی بریتییە لە دەسەڵاتی ناوخۆیی باڵای دەوڵەت، هەرچی سەروەری دەرەکیی ئاماژەیە بۆ توانای دەوڵەت بۆ مامەڵەکردنی سەربەخۆییانە لە بەرانبەر هێزە دەرەکییەکان. پرسی سەروەری نەك هەر تەنها بۆ دامەزراندنی دادگای نێونەتەوەیی دەستووری، بەڵکوو بۆ دادگا و دامەزراوەو مافە و ئازادییەکانی تریش باسێکە جێگە مشتومڕ و لەسەر وەستانە، چونکە دەستەبەرداربونی سەروەری نێوخۆیی دەوڵەتان بۆ ڕێکخستنی مافە دەستوورییەکان (ئەگەر لە سنوورێکی دیاریکراویش بێت)، ئەوا هەوڵێکی ئاسان نابێت، بەتایبەتیش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وڵاتانی زلهێز لەبەردەم ئۆرگانێکی نێودەوڵەتی کە لە سەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دامەزرابێت، ئەوا ترس و گومان دەخاتە نێو ئەو وڵاتانەی کە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە لاوازن بەوەی ئەم دەسەڵاتە دادوەرییە نێودەوڵەتییە بخرێتە ژێر کۆنترۆڵ و کاریگەریی دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ سەپاندنی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای خۆیان بەسەر تەواوی جیهان لەسەر حیسابی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتیش لەسەر پرسەکانی وەك بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، مافی ژیانی ئاشتیخوازانە، مافی بڕیاردانی چارەنووس، مافی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنکاری و داگیرکاری ( Laith K. Nasrawin, 2016, p 217-218).

هەر لەبارەی پەیوەندی نێوان دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری و سەروەری دەوڵەتان، بەشێکی دەستوورناسانی سەردەم لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە هاوڕان کە چەمکی سەروەری هەمان تێگەیشتنی کلاسیکی جارانی نەماوە، بۆیە پێویست دەکات ئەم باسە بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە کە لە خزمەت دونیای ئەمڕۆی جیهانگیریدا بێت. لە دیدی ئەم دەستوورناسانەوە، پێویستە چەمکی سەروەری دەوڵەتان ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی دەستووریزمی جیهانیدا ببینێت; کە ئامانجەکەی هەڵوەشاندنەوەی دەستووری ناوخۆیی نییە، بەڵکوو وەك ئامانجێکی دوورمەوداتر بۆ بەدامەزراوەییکردنی دەستوورێکی جیهانی لەلایەن ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە بەرگری لێدەکرێت. ئەم نووسەرانە لەم بڕوایەدان، کە سەروەری لە ڕێگەی دامەزراندنی دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری دوچاری پێشێلکاری نابێتەوە. ئاخر ئەگەر میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرایەتی پەرەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی بکات بەرەو دەستووریگەرایی جیهانی، ئەوا کارەکانی ئەم دادگایە نەك واتای دەستوەردان و سەرپێچی لە سەروەری ناوخۆیی دەوڵەت نایات، بەڵکوو ڕێزگرتنە لە پابەندبوونێکی نێودەوڵەتی پەسەندکراو، بەمەش ئەم دەسەڵاتە دەستوورییە هاوبەشە دەبێتە ئامرازێکی نێودەوڵەتی بۆ بەهێزکردنی ئامادەیی دەوڵەتان بەرەو ژیانێکی جیهانی ڕاستەقینە کە دەرئەنجامەکەی نەک تێکچوونی سەروەری دەوڵەتانە، بەڵکوو زیادبوونی هەستێکی گشتی نێودەوڵەتی دەبێت.( Giannattasio ARC,

Bezerra TO, Bannwart E, Drezza D, Buchler J, Martins G, Oliveira B, 2019, 130-146.).

لە لایەکی تر خودی یاسای گشتی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ جەخت لە باڵایی ڕێساو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان دەکات بۆ پاراستنی مرۆڤ لەو پێشێلکاریە مەترسیدارانەی کە لەبوارەکانی سیاسی و یاسایی و کۆمەلایەتی و ئابووری لە بەرانبەریان دەکرێت. وەك لە پێناسەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە: کە مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو مرۆڤەکان بەیەکەوە گرێدراون و هەموومان یەکسانین بە بێ جیاوازی. ئەم لقە لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی بۆ دەوڵەتان پەیگیرییە و دەبێ دەوڵەتان پێیەوە پابەند بن و ڕیزی بگرن و ئەو کارانە بکەن کە بەهۆیەوە تاك و کۆمەڵەکان بەهرەمەند دەکات و لەوانەش دوور بکەونەوە کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن. وێڕای جەختکردنەوەی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر پرینسیپی دەستێوەرنەدان و سەوەری دەوڵەتان، بەڵام نەتەوە یەکگرتوەکان نەرمی نواندووە بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان بە پشتبەستن بە دەقی بڕگەی (7) لە ماددەی دووی بەڵێننامەکەی، کە ماف دەداتە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دەستوەردان لە بوارەکانی پاراستنی ئاشتی و تەنایی نێودەوڵەتیدا" و لەوانەش پرسی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، واتە سەروەری رەهای دەوڵەت بوونی نییە لەبەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا. هەربۆیە جیهانگیری توانی لە کرۆکی کلاسیکی و رەهای سەروەری رەهای دەوڵەت گۆڕانی قوڵ بکات.

- **سێیەم:** گرفتێکی دیکەی بەردەم دادگا، بریتییە لە پەیوەندی نێوان یاسای ناوەخۆیی و یاسای نێودەوڵەتی، بۆیە زۆرێك لە دەوڵەتان باڵابوون بە یاسا و ڕێسا ناوخۆییەکان دەبەخشن نەوەك یاسای نێودەوڵەتی. لەڕووی ئەحکام و چاودێری دادوەریشەوە، حوکم و بڕیار و چاودێری دادگاکانی نێودەوڵەتی ڕەتدەکەنەوە، بۆ نموونە لە ئەمریکا نەیارانی باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی، دژی ئەو ئاراستەی باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی دەوەستنەوە، لە دیدی ئەواندا پێویست دەکات ئیرادەی دیموکراسییەتی ناوخۆیی لەسەروی ئەرکە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بێت و پێویست بەوە ناکات حکومەتەکان بۆ دەربازبوون لە پرسە ناوخۆییەکان پشت بە یاسای نێودەوڵەتی ببەستن. بەڵکوو دەشێت تەنها وەکو ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی سیستەمی دەستووری ناوەخۆیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەروەها لە دادگاکانی فەرەنساشدا، تاوەکو ماوەیەکی زەمەنی دوور و درێژ، پەسەندکردنی باڵادەستی یاساکانی ئۆروپایان ڕەتدەکردەوە، دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش مێژوویەکی درێژی دژایەتیکردنی یاسای دەرەکی هەیە، هەرچەندە هەردوو وڵات لە دەستوورەکانیاندا ددان بە باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی دەنێن. دانپێدانان بە دادگا پرسێکی ترە کە دەبێتە بەربەست لە بەردەم بیرۆکەی دامەزراندنی دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری. بەو مانایەی کە چۆن وڵاتانی جیهان دەگەنە ئەو بڕوایەی ددان بە پەیڕەوی ئەم دادگایە بنێن تاوەکو بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. هەروەك چۆن هەمان پرس بووبە بەربەستی سەرەکی لەبەردەم کارابوونی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە لە ساڵی 2002 بە گوێرەی ڕێکەوتنامەی ڕۆما دامەزرا ( Laith K. Nasrawin, 2016, p 217-218).

- **چوارەم:** پرۆفیسۆری ئەمریکی (ڕیچار ئەلبێرت) ئاماژە بە سێ کێشە و بەربەستی سەرەکی بەردەم دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری دەکات کە بریتین لە: دەسەلات ، جێبەجێکردن ، هەماهەنگی:

أ. کێشەی دەسەلات (The Problem of Authority)، بە گوێرەی پرۆژەی لیژنەی دامەزرێنەری دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری، لیژنەکە پێشنیازی ئەوە دەخاتەڕوو کە دادگا لەڕووی هەیکەلییەتی کاراکردنەوەی بکرێتە بەشێك لە ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتە پرۆسەی دامەزراندن و هەڵبژاردنی دادوەرەکانی و جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی UN. کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان دروستبوو، هیوایەکی گەورەی لەسەر چێنرا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەم هیوایە بەرەو کاڵبوونەوەو بێهوایی دەچێت، بەو پێودانگەی نەیتوانی لەبەردەم کۆمەڵێك کەیس و پرسی نێودەوڵەتی هیچ ڕۆڵێکی کارای هەبێت، لەوانە کەیسەکانی ڕواندا، عێراق، شەڕەناوخۆییەکانی باشووری سودان، سوریا و یەمەن، قەیرانی ڕۆهینگیا، کشمیر، هایتی، دواین شکستی ئەم دامەزراوەیە بێدەسەڵاتی لە هەمبەر هێرشی ڕووسیا بەرانبەر

ئۆکرانیا، هێرشێك کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەردەمی دەستەوەستانە بەهۆی دەسەڵاتی ڤیتۆی ڕووسیا لە ئەنجوومەنی ئاسایش. هەموو ئەم ڕووداوانە، وێنەیەکی کارەساتبارمان بۆ دەکێشن، بۆیەشە بیرۆکەی دادگایەکی دەستووری نێونەتەوەیی وەك بەشێك لە پێکهاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت، لەڕووی کێشەی دەسەڵاتەوە، دووچاری ئالنگاری وگرفتی مەزن دەبێتەوە.( Richard Albert, 2022, p15-20.).

ب. کێشەی جێبەجێکردنی Enforcement: کاتێک دادگای دەستووری نێودەوڵەتی بڕیار دەردەکات ، ئایا ستەمکاران و نەیارانی دیموکراسی ئامادەن پەیڕەوی لە بڕیارەکە بکەن؟ بۆ نموونە ئەگەر پارتێکی سیاسی تانە لە دەرەنجامی هەڵبژاردنێکی ساختە بدات و دواتر دادگای دەستووری بڕیار لەسەر نا یاسایبونی پڕۆسەکە بدات، ئایا گەرەنتییەکان چی دەبن بۆ جێبەجێکردن و پابەندکردنی دەسەڵات بە بڕیاری دادگا؟ ئەمەش گرفت و پرسێکی تر دەبێت لەبەردەم دادگاکە. هەروەها بوونی دادگای دەستووری نێوخۆیی لەتەك دادگایەکی دەستووری نێودەوڵەتی. ( Richard Albert, 2022, p15-20.).

ج. کێشەی هەماهەنگیی (Problem of Coordination); ئەم گرفتە دەمانخاتە بەردەم پرسێکی دیکە ئەویش ئەوەیە کە چۆن دادگاکانی نێوخۆیی لەم دۆخەدا کار دەکەن؟ ڕەنگە ئەم بەربەستە زیاتر ڕووبەڕووی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا ببێتەوە، چونکە ئەوان جگە لەوەی دەستووری تایبەت بە خۆیان هەیە، هاوکات کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی دادگای هەرێمی باڵاتر و سەروتر لە نەتەوەییەکانیان و بە بونیادنانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووریش، دەکەونە نێوان سێ دادگای جیاواز بۆ پاراستنی دیموکراسییەت و ماف و ئازادییەکان. ڕەنگە زاڵبوون بەسەر کێشەی هەماهەنگیدا بۆ ئەو وڵاتانە ئاسانتر بێت کە هیچ دادگایەکی باڵاتری ناوچەییان نییە، وەکو دەوڵەتانی ئاسیا و دەوڵەتانی عەرەبی،. بۆیە سەرەڕای کێشەی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەتوانرێت کێشەی هێز، جێبەجێکردن و هەماهەنگی وەك سێ بەربەستی سەرەکی بەردەم دامەزراندنی دادگای نێو نەتەوەیی وێنا بکرێن. .( Richard Albert, 2022, p15-20.).

## 4. هەڵسەنگاندن

هەوڵی بونیادنانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی کولتووری دیموکراسییەت و حوکمڕانی دەستووری، چونکە لە سەردەمی ئەمڕۆدا، هیچ دامەزراوەیەکی دادوەری نێودەوڵەتی لەم شێوەیە نییە کە هاووڵاتی وەك پەناگەیەك سەیری بکات و لەڕێگەیەوە بەرەنگاری ستەمکاری ئەم جۆرە ڕژێمانە و سیاسەتی زۆرداریان ببێتەوە.

بەخشینی مافی بەرەنگاربوونەوەی مەدەنی لەڕێگەی دامەزراوەیەکی دادوەری نێودەوڵەتی بە تاك و لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵە پیشەییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و تەحەداکردنی ناڕەوایی و نایاساییبوونی هەر جۆرە ئاکت و بڕیار و هەڵسوکەوتێکی نادیموکراسیی دامەزراوەکان، کارێکە جێگای بایەخە، بەتایبەتی لە دونیای ئەمڕۆدا کە مەودای ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی نیشتیمانی و بەکارهێنانی دیموکراسی ساختە درێژکراوەتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی چەواشەکارانە و خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی حوکمڕانان لەڕێگەی هەموارکردنەوەی دەستوور و یاساکان و درێژکردنەوەی ماوەی خولەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوە دەستوورییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی گەل یاخود گرتنەدەستە دەسەڵات لەڕێگەی لیستە ساختەکانی هەڵبژاردن، کۆمیسیۆن و چاودێری هەڵبژاردنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی سەربەدەسەڵات.

لەم دۆخانەشدا، دەشێت دادگای دەستووری نێونەتەوەیی دوا دەسەڵاتی دادوەری بێت کە بڕیار لەسەر پابەندبوون بە بنەما و ڕێساکانی دیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان بدات، لەڕووی بەڵگەو هێزی یاساییەوە، ئەم بڕیارانە کۆتایی و پابەندکەر دەبێت بۆ دەوڵەتانی پەیوەندیدار بە کەیسەکە. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی پاراستنی ئەو پرەنسیپەی کە مرۆڤ وەك چەقی شەرعییەتی دەسەڵات وێنا دەکات، چونکە یاساکانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لە جەوهەردا، هیچ نین جگە لە کۆمەڵێك ئامرازەگەلی پارێزگاری لە مرۆڤایەتی نەك لە پارێزگاری لەدەست و دەوڵەت، بۆیە پێویستە پەیکەربەندی یاسای نێودەوڵەتی بەجۆرێك بینا بکرێتەوە کە ئەصڵی ڕەوایەتی دەسەڵات بۆ ئیرادەی تاك بگەڕێتەوە نەك

دەوڵەت و دەسەڵات. لە هەمان کاتدا باڵادەستی پەیماننامە شاریعەکانی مافەکانی مرۆڤ لە میانەی باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی بەسەر یاسای ناوخۆدا زیاتر بچەسپێت.

## 5. کۆتایی

لە کۆتایی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، دەگەینە کۆمەڵێك دەرەنجامی گشتی و لەگەڵ خستنەڕووی چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێك، کە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:

### 1.5 دەرەنجام Conclusion

- **یەکەم:** وێڕای هەوڵەکانی مرۆڤایەتی بۆ گەشەپێدانی دیموکراسییەت و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاك بەگشتیی، دوای سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی مافی مرۆڤ و دەستووریەت بەتایبەتی، بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا، نیشانەکانی پاشەکشێی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ بەڕوونی لە زۆر دەوڵەتانی دونیادا دەرکەوتوون، بەتایبەتیش لەڕێگەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ساختە و چەوەشەکارانە، لادانی دەستووری، هەمواری نادەستووری دەقەکانی دەستوور، پۆپۆلیزم و مۆنۆپۆلکردنی دەزگاکانی دەوڵەت و جومگە بنەڕەتییەکانی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتی تاکڕەو.
- **دووەم:** ماف و ئازادییەکانی تاك لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، کۆدەنگیی دەوڵەتانی بەدەستهێناوەو لەڕێگەی ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان پەسەندکراون و کۆمەڵێك دامەزراوەی دادوەری و سیاسیش بۆ گەرەنتیکردن و پاراستنیان فەرهەمکراون، بەڵام بەشێك لەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە بە هۆکاری جۆراجۆری سیاسی توانای بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەکانی یاساشکێنی و تاوانەکانی دژی بە مافەکانی مرۆڤیان نییە، لەوانەش مافی ڤیتۆ لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش، هاوکات لەڕووی یاسایشەوە دادگاکانی نێودەوڵەتی بەهۆی نەبونی تایبەتمەندییەتی یاسای بۆ کەیسەکانی پەیوەندیدار بە دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ، توانای بینین و دادوەریکردنیان نییە، بەمەش بۆشایی یاسایی لەڕووی پاراستنی پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت و دەستووری لەڕووی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی هاتۆکایەوە.
- **سێیەم:** لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی لە نێوان لقە جۆربەجۆرەکانی بواری زانستی یاسایی، بەهۆی بوونی کارلێك و پەیەوەندییەکی تێکچێنراو لە نێوان یاسای دەستووری و یاسای نێودەوڵەتی، لقێکی نوێ لە زانستی یاسا سەریهەڵداوە بۆتە جێبایەخی بیرمەند و توێژەران ئەویش بریتییە لە یاسای دەستووری نێونەتەوەیی. ئەم لقە نوێیەی زانستی یاساو پێشنیاری دامەزراندنی داگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری ڕۆڵیان دەبێت لە پەرەپێدانی سیستەمی یاسایی بۆ یاسای دەستووری، بەتایبەتی دادگای دەستووری وەك دامەزراوەیەکی دادوەری نێونەتەوەیی پەرەی زیاتر بە پرۆسەکانی بە نێودەوڵەتیبوونی یاسای دەستووری و بەدەستووریبوونی یاسای نێودەوڵەتی و گەرەنتیکردن و پاراستنی دیموکراسییەت و ماف و ئازادییەکان.
- **چوارەم:** لە دەرەنجامی خستنەڕووی پێکهاتەو تایبەتمەندییە بابەتی و ڕێکارییەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە تایبەتمەندییەکانی ئەم دادگایە ناکۆك نین لەگەڵ دادگاکانی دیکەی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوەخۆیی، بەڵکوو ئەم دادگایە دەبێتە دامەرزاوەیەکی گرینگ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی یاسایی و بەهێزکردنی گەرەنتییەکانی دەستووری.
- **پێنجەم:** بەهۆی سەرهەڵدانی گلۆبالیزم و هاتنەکایەی بنەماو پرەنسیپی نێودەوڵەتی، چەمکی سەروەری دەوڵەتانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەمەش دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری نا بێتە بەربەست لەبەردەم بنەمای سەروەری، چونکە ئەم دادگایە وەکو هەوڵێکی جیهانی ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی دەوڵەتانی جیهانە بەبێ جیاوازی و فەراهەمکردنی ئەمن و ئاسایش و ئاشتیی گشتییە.
- **شەشەم:** ئەم دادگایە ئەگەر پێویستییەکی گرینگ بێت بۆ وڵاتانی دیموکراسیی، بەتایبەتی بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەوا بۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست هەنگاوێکی مەزن دەبێت بۆ چەسپاندن و گەشەپێدانی دیموکراسی، بەتایبەتی بۆ نەتەوەکانی بێدەوڵەت کە مەیلی جوداخوازی و سەربەخۆییان هەیە، لەم ڕوانگەیەی دادنپێدانانی نێودەوڵەتی لەلایەن دادگایەکی نێودەوڵەتی وەك

دادگای دەستووری بە مافی بڕیاردانی چارەنووس وەك پرنسیپی گرینگی دیموكراسییەت، دەبێتە دەرگایەكی نوێی بۆ سەربەخۆی گەلان و رزگارییان لە ژێر جەبری ستەمكاری و داگیركاری.

- **حەوتەم:** پرۆژەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری لەرووی پاراستنی دادوەری ماف و ئازادییەكان لەرێگەی تۆماركردنی داوای یاسایی بە سیستەمی دوالیزمی وەرگرتووە كە ماف دەبەخشێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ داوای یاسایی لەبەردەم دادگا بجولێنن، یاخود لەرێگەی كۆمەڵێك دامەزراوەی فەرمی و نا فەرمی داوای دادگایكردنی نەیارانی دیموكراسی بكەن، ئەمەش هەنگاوێكی زۆر گرینگە، چونكە بەخشینی مافی دادوەری بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەبێتە گەرەنتی و دەستبەری بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەكان. لە هەمانكاتدا، بەخشینی تایبەتمەندی پابەندی و ڕاوێژكاری بە دادگا دەبێتە هۆكارێك كە دادگا هەم رۆڵی هەبێت لە چارەسەركردنی ناكۆكییە دەستوورییەكان و هەمیش رۆڵی هەبێت لە هێنانەكایەی بنەما و پرەنسیپی نوێی یاسایی.
- **هەشتەم:** وێڕای پێویستی و گرینگیبوونی بونیادنانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، ئەوا ئەم دادگایەی ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگانگاری و بەربەستی گەورە دەبێتەوە كە گریمانەی ئەوە دەكرێت ژانی لە دایكبوونی دژوار بێت و درێژە بكێشێت یانیش لە دایكبوونی گریمانەیەكی نەزۆك و ئەستەم بێت.

**3.5 پێشنیار و ڕاسپاردە Recommendation**

بەو پێودانگەی، ناونیشانی توێژینەوە پرسێكی نوێی یاساییە و وەك ئایدیا و پرۆژە كاری لەسەر كراوە، بێگومان پێویستی بە دەرخستنی كەموكورتی و لایەنی شاراوەكانی دەبێت، هەر بۆیە پێویست دەكات، بۆ دەوڵەمەندكردنی پرۆژەكە، كۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردە بخەینەڕوو كە لەم خالانە كورتیان دەكەینەوە:

**1.3.5 ڕاسپاردەكانی پەیوەست بە پرۆژە دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری**

- لەرووی ئامرازەكانی جێبەجێكارییەوە، پرۆژەكە بەڕوونی میكانیزم و چۆنیەتی جێبەجێكردنی حوكم و بڕیارەكانی دادگای دەستنیشان نەكردووە، تەنها ئەوەی نەبێت بەشێك لە سەرچاوەكان ئەنجوومەنی ئاسایش وەك لایەنی جێبەجێكاری پرۆژەكە وێنا دەكەن. ئەمەش دەبێتە فاكتەرێك بۆ دەستێوەردانی سیاسی و دوركەوتنەوە لە ئامانج و فەلسەفەی دادگا، بۆیە پێشنیار دەكەین ئەنجوومەنێكی تایبەت بە جێبەجێكردنی حوكم و بڕیارەكانی دادگا دابمەزرێنرێت و نوینەرایەتی گشت وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەكگرتووەكان بكات.
- زیادكردنی داوای دەستووری بەپەلە لە چوارچێوەی پسپۆری و تایبەتمەندییەكانی دادگا وەك جۆرێكی داوای دەستووری، چونكە زۆرێك لە داوا دەستوورییەكان بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە ماف و ئازادییەكانی تاك، پێویست دەكات بەشێوەیەكی خێرا ئەم كەیسانە یەكلا بكرێنەوەو بڕیاریان لەبارەوە بدرێت.

**2.3.5 پێشنیارە گشتییەكانی پەیوەست بە هەوڵەكانی دامەزراندنی دادگا و بواری ئەكادیمی**

- بۆ چڕكردنەوەی هەوڵەكانی دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری، پێشنیار دەكەین كە دامەزراوەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوەخۆیی بە گشتی و ئەو رێكخراو و دامەزراوانەی پەیوەستن بە مافەكانی مرۆڤ و حوكمڕانیی دەستووری و دیموكراسی، كار بكەن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دروستكردنی ڕایگشتی و كۆندەنگییەكی دەستەجەمعی.
- لەسەر ئاستی عێراق و كوردستان، پێشنیار دەكەین پێشوازی لە پرۆژەی دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەستووری بكەن، چونكە ئەم دادگایە دەبێتە فاكتەرێك گرنگ بۆ پەرەپێدانی دیموكراسییەت و بە دامەزراوەیكردن و هێناكایەی بنەما و پرەنسیپی نوێ، هەروەها دەبێتە هەولێكی جیهانی گرینگ بۆ گەشەپێدانی سیستەمی فیدرالی و نێوەندگیری لە كەیس و كێشەكانی نێوان حكومەتی فیدرالی و هەرێمەكان.
- بونیادنانی ئەم دادگایە بۆ هەرێمی كوردستان، گرینگی زۆری دەبێت بە تایبەتی لەم ڕوانگەیەی كە ددان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەكان دەنێت، دانپێدانانی دامەزراوەیەكی نێودەوڵەتی بۆ ئەم مافە، وەك بەڵگەنامەیەكی جیهانی كاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ڕاگەیاندن و دانپێدانی سەربەخۆی نەتەوەكان.

- لەسەر ئاستی ئەكادیمی و توێژینەوەی زانستی، پێشنیاری دەكەین كە زانكۆ و پەیمانگە و سەنتەرو ناوەندە حكومی و ناحكومییەكان هەم لەرێگەی لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی، هەم لەرێگەی دیبەت و كۆنفرانس و پرۆگرامی زانستی، كار بكەن بۆ چڕكردنەوە هەوڵە كردییەكانی دامەزراندنی ئەم دادگایە، چونكە ئەم دادگایە، هاوشێوەی دادگای تاوانەكانی نێودەوڵەتی، ڕۆڵ و كاریگەری دەبێت لەسەر پاراستنی مافەكانی مرۆڤ.

## 6. پەراوێزەكان References

1. ئەگەرچی (دیگۆل) نەیتوانی ڕەزامەندی پەرلەمان بۆ ئەم هەموارە بەدەست بێنێت و پێشنیاری هەمواركردنەوەی ئەم برگەی دەستووری لەلایەن پەرلەمان ڕەتكرایەوە، چونكە پەسەندكردنی هەموارەكانی دەستوور لە تایبەتمەندی و دەسەڵاتەكانی ئەوكاتی پەرلەماندا بوو، بەڵام بە بەكارهێنانی دەسەڵاتە كەسییەكانی خۆی، سنووری دەسەڵاتەكانی پەرلەمانی شكاند و ڕاستەوخۆ بانگەوازی بۆ خەڵك كرد كە ئەم پێشنیارەی هەمواری دەستوور دەخاتە ریفراندۆمی گشتی نیشتیانی تاوەكو ڕەزامەندی گەل بۆ ئەم گۆڕانكارییە بەدەست بێنێت.

2. پرسی ڕەوایەتی كۆماری پێنجەمی فەرەنسا بەتایبەتی دوای هەمواری دەستوور و گۆڕینی میكانزمی هەڵبژادنی سەرۆك لە فەرەنسا بۆ شێوەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ، تاوەكو ئەمڕۆش باسێكە جێگەی لێكدانەوەی جیاوازە، فرانسوا میتراند یەكێك بوو لە كاریگەرترین ڕەخنەگرانی ژەنەراڵ دیگۆل كاتێك لە ساڵی ١٩٦٤دا ئەم پرۆسەیەی بە "كودەتای هەمیشەیی"ی ناودێركرد و كۆی پرۆسەكەی وەك حەزێكی گەڕانەوەی دیگۆل بۆ دەسەڵات بەكۆدەتاكەی ٢ی كانوونی دووەمی ١٨٥١ی لویس- ناپلیۆن چواند و ئاماژەی بەوەدا كە ڕووداوەكانی ١٣ی ئایار لە جەزائیر، ڕووداوگەلێك بوون كە پێشوەختە پلانیان بۆ داڕێژرابوو، لەو كاتەوە پرسیاری ئەوەی كە ئایا لەدایكبوونی كۆماری پێنجەم نادەستووری و نایاسایی بوو یاخود نا، لە فیكری دەستووری هاوچەرخی فەرەنسی و هەروەها لە كتێبەكانی مێژوودا ئەم پرسە بە نەخێر یەكلایی كراوە: واتە بە وەڵامی; پرۆسەكە كودەتا نەبوو و دەستووریبوو. بەڵام لە دوای شەست ساڵەی كۆمارەكەدا، كتێبێكی نوێ، كە تەحەدای ئەو ئارگۆمێنتە یاساییانەی ڕابردوو دەكات كە پەسەندكراون، جارێكی تر تەواوی بۆچوونەكان دەخاتەوە ژێر پرسیار، ئەم كتێبە لە نووسینی د. گرای ئەندەرسۆن ( Grey Anderson)ە لە ژێرناونیشانی: شەڕی ناوخۆی فەرەنسا، لە كودەتای گۆلیستەوە تا كۆتایی ڕێكخراوی سوپای نهێنی، بە ژێرنووسێك كە لە تێرمێكی فرۆیدییەوە بەناونیشانی "بنەچەی سەركوتكراوی كۆماری پێنجەم The Repressed Origin of the Fifth Republic." وەرگیراوە، ئەم بەرهەمە خوێندنەوەیەكی ڕەخنەیی ئاراستەی كۆماری پێنجەم دەكات و ئاماژە بەو هەوڵانە دەدات كە لەلایەن پارتە چەپەكانی فەرەنسا ئامادەن بۆ دارشتنی دەستوورێكی نوێ و گۆڕینی كۆماری پێنجەم بۆ كۆماری شەشەم، چونكە ئەم سیستەمە زیاتر وێنای سیستەمێكی مۆناركی سەرۆكایەتی دەدات وەك لەوەی سیستەمێكی نیمچە سەرۆكایەتی، وەك چۆن مۆریس دۆفرێجە Maurice Duverger كاتێك پەرەی بە چەمكی سیستەمی نیمچە سەرۆكایەتی دا، كۆماری پێنجەمی بە "پاشایەتی كۆماری Republican Monarchy" ناوزەند كرد. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

3. Mérieau, Eugénie: “The Sixtieth Anniversary of the French Constitution”: Toward the Death of the Fifth Republic? .https://www.printfriendly.com/p/g/56G7WK

4. موحەممەد مۆنسێف مەرزوكی، پرۆفیسۆری پزیشكی و سەرۆكی پێشووی كۆمەڵەی تونس بۆ مافەكانی مرۆڤ و وتەبێژی ئەنجوومەنی نیشتانی بۆ ئازادییەكان لە تونس بوو. بۆ خوێندنەوەی دەق وتاری بڵاوكراوەی موحەمەد مەرزوكی لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی فەرەنسی، بڕوانە:

5. Moncef Marzouki, « Une structure judiciaire supranationale et indépendante pourrait agir en cas de scrutins truqués et rappeler les Etats au respect des libertés. Une Cour mondiale de la démocrati”, publié le 8 novembre 1999, www.liberation.fr.

6. زۆربەی بەشەكانی كتێبی سەردەمی مافەكان، لێكۆڵینەوەو وردبوونەوەیە لە سروشتی بزووتنەوەی مافەكانی مرۆڤی نێودەوڵەتی و گەشەسەندنی دینامیكی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە. نووسەر بە وردی دەوەستێتە سەر گەشەسەندن و سەركەوتنی بەرچاوی ئەم بزووتنەوەیە لە پەرەپێدان و داینكردنی پێوەر و ستانداردەكانی ڕەفتار و مامەڵەی دادپەروەرانەی دەسەڵات و حكومەتەكان بەرامبەر تاكەكانی كۆمەڵگە. یەكێك لە بەرهەمە دیارەكانی ئەم بزاڤی مافەكان، دانانی پێوەری ستاندارد (Standard-Setting) و بڵاوبوونەوەو دارشتنی دەستوورە نیشتمانیەكان (National Constitutions) كە بڕیار لەبارەی مافەكانی تاكەكەس (Individual Rights) دەدەن و بەشێوەیەكی بەرفراوان لەلایەن رێكەوتنامە و پەیماننامە نێونەتەوەییەكان و دەستوور و یاسا نێوخۆییەكان پەسەندكراون. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە:

7. Steiner, Henry J, The Youth of Rights, [Review of The Age of Rights, by L. Henkin], Harvard Law Review 104, no. 4 (1991): 917–920.

8. یاساناسی ئەمریكی بواری یاسای دەستووری، دەیڤید لانداو (David Landau) لە توێژینەوەكەی بەناونیشانی (Abusive Constitutionalism) ئەم چەمكە وەها دەناسێنێت كە ڕێكایەكی یاسایی و دەستوورییە وەك جێگرەوەی ئەلتەرناتیڤی گرتنەدەستی دەسەڵات بەرێگای كودەتای سەربازی و چەكداری و زۆرملێیی بەكاردەهێنرێت، پاشان بەكارهێنانی ئەم دەسەڵاتە بۆ ڕووخاندنی دیموكراسی و حوكمرانیە دەستوورییەكە، بە واتایەكی تر، ئەم فۆرمە لە حوكمڕانی كە پێشی دەگوترێت كودەتای مۆدێرن (Modern coups) بەكارهێنانی میكانیزمەكانی گۆڕانكاری دەستوورییە بۆ لەناوبردنی سیستمی دیموكراسی و جۆرێكە لە خۆڵكردنە چاوی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بانگەشەكردن بۆ بوونی هەڵبژاردن و دەزگای هەڵبژاردنی سەربەخۆ و بوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام لە بنچینەدا هیچ ڕێگایەك بۆ گۆڕانكاری ڕیشەیی لە سیستەم و گۆڕینی دەسەڵاتداران ڕێگە پێدراو نییە، كۆنترۆڵی حكومەت لەسەر میدیا، هەراسانكردنی ئۆپۆزسیۆن و گرووپەكانی فشار و دامەزراوە مەدەنییەكان، بەكارهێنانی سەرچاوەكانی پاڵپشتی دەوڵەت بۆ دەستەبەركردنی دەنگەكان و ساختەكاری لە هەڵبژاردنەكان، مەیلی كۆنترۆڵكردنی جومگەكانی حكومەت بەگشتی و میكانزمەكانی لێپرسینەوەی لە ئەكتەر و هێزە سیاسییە باڵادەستەكان بەتایبەتی وەكو دادگا و دەستە دادوەرییەكان و كۆمیسۆن و دامەزروەكانی هەڵبژاردن لە سیاكانی ئەم شێوازە لە حوكرانین، كە نیشاندانی وێنای حوكمرانییەكی دیموكراسییە لە واقیعدا، بەڵام لەناوەرۆكدا تەواو پێچەوانەوەیە. ئەم بیرۆكەیە، بیرۆكەیەكی نوێ نییە، بەڵكوو لە مێژوودا وینەی زۆری هەبووە، لەوانە; ڕووخاندنی ئەڵمانیای قایمار بە نازییەكان - بە بەكارهێنانی دەستوور بۆ گۆڕینی پێگەی نازییەكان لە حزبێكی پەراوێزخراوەوە بۆ بزووتنەوەیەكی گەورە و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣ و

بونیادنانی دەوڵەتێکی تۆتالیتاری دەستووری "militant democracy" و کودەتا سەربازییەکانی ئەمەریکای باکورو لەوانەش شیلی لە ساڵی 1973 و بارودۆخی کۆلۆمبیا، ڤەنزوێلا و هەنگاریا. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە:

9. David Landau, "Abusive Constitutionalism", University of California, [Vol. 47, 2013, p 198 – 283.

10. ئەرکی دادگای نێونەتەوەیی بۆ یاسای دەستووری بریتی دەبێت لە پاراستنی کۆمەڵێك پێوەر یاخود پرەنسیپی دەستووری نێونەتەوەیی ( International Constitutionalism) کە بریتین لە; پرەنسیپی سەنتەربوونی مرۆڤ وەك بنەمای شەرعییەتی دەسەڵات، پرەنسیپی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارییەتی یاسایی لەلایەن دەوڵەت، پرەنسیپی پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی، پرەنسیپی پلەبەندی یاسایی، پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پرەنسیپی یەکسانی، پرەنسیپی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان بەرێگەی ئاشتیانە. هەرچی پەیوەندیدارە بە ماف و ئازادییەکانی تاك خۆی دەبینێتەوە لە ماف و ئازادیيە کەسییەکان کە بریتین لە مافی سوودوەرگرتن لە ڕەگەزنامە و مافی کەرامەتی مرۆڤ. هەروەها مافەکانی پەیوەست بە ئازادی هزری کە خۆیان دەبیننەوە لە ئازادی هزر و بیروباوەڕ، ئازادی ڕادەبڕین. ئازادییەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگەی مەدەنی کە بریتین لە کۆمەڵێك مافی وەك: مافی گردبوونەوەی ئاشتیانە ، مافی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراو، مافی کەمینە و پێکهاتەکان، مافی یەکسانی و جیاوازی نەکردن، مافی بریاردانی چارەنووس. هەروەها کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپی تری یاسای دەستووری کە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان لە بواری حوکمڕانی دیموکراسیی لەخۆی گرتوون، کە ئەوانیش پێکدێن لە; پرەنسیپی سەروەری گەل پێکدێت لە مافی نوینەرایەتی سیاسی و مافی دەنگدان و خۆپالاوتن و هەڵبژاردنی دەوری و پاك، پرەنسیپی جیاکردنەوەو هاوسەنگی دەسەڵاتەکان، پرەنسیپی سەروەری دادگە و دەسەڵاتی دادوەری، چاودێری دەستووری. بڕوانە: فاطمة أحمد الشافعي، "نحو إنشاء محكمة دستورية دولية تطبق مبادئ القانون الدستوري في ظل قواعد القانون الدولي العام"، رسالة الماجستير، جامعة القطر – كلية القانون، 2020لا 19- 100.

11. فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد، پرسی سەروەری وەك "باڵادەستی ڕێزگرتن لە دەسەڵات، یاخود پلە؛ حوکمڕانی باڵا و دەسەڵات" دەناسێنێت. یاسای نێودەوڵەتی ئەم تێگەیشتنە دووبارە دەکاتەوە: "بریتییە لە سەروەری دەسەڵاتی باڵا". هەر یەکە لە (ڕۆبەرت جێنینگز و ئارسەر واتس) لە فەرهەنگی (Black's Law Dictionary) ئەم تێرمە بەم جۆرە دەناسێنێت: " حوکمڕانی باڵا، دەسەڵات). لەم بارەیەوە، بڕوانە:

12. Jack Donnelly, "State Sovereignty and International Human Rights", Roundtable: The Future of Human Rights, Ethics & International Affairs, 28 no. 2 (2014), pp. 225-226.

## 7. سەرچاوەکان

### 1.7 بە زمانی ئینگلیزی

1. Andrew Harding, "The Fundamentals of Constitutional Courts", International IDEA publications, 2017.
2. Cohen, Jean L. " The Constitutionalization of International Law". The Habermas Handbook, edited by Hauke Brunkhorst, Regina Kreide and Cristina Lafont, New York Chichester, West Sussex: Columbia University Press, 2017.
3. James E. Buck, "Governmental Stability: A Comparison Between the Fourth and Fifth Republics in France", Oklahoma State University, 1969.
4. Makau Mutua, Is the Age of Human Rights Over? 1st Edition, Routledge, 2015.
5. Wen-Chen Chang, Jiunn-Rong Yeh, "Internationalization of Constitutional Law", The Oxford Handbook of Comparative Constitutional Law, 2012.

### 2.7 توێژینەوەکان بەزمانی ئینگلیزی

1. Aziz Huq & Tom Ginsburg, "How to Lose a Constitutional Democracy," 65 UCLA Law Review, 2018.
2. David Landau, "Abusive Constitutionalism", University of California, [Vol. 47, 2013.
3. Giannattasio ARC, Bezerra TO, Bannwart E, Drezza D, Buchler J, Martins G, Oliveira B, "International Constitutional Court: rise and fall of an international debate". Revista de Direito Internacional, 16 (1), (2019).
4. Jack Donnelly, "State Sovereignty and International Human Rights", Roundtable: The Future of Human Rights, Ethics & International Affairs, 28 no. 2 (2014).
5. Khushal Vibhute, Filipos Aynalem, "Legal Research Methods - Teaching Material", the Justice and Legal System Research Institute, 2009.
6. Laith K. Nasrawin, "An International Constitutional Court": Future Roles & Challenges", Domes Digest of Middle East Studies, Volume 25, Issue 02, 2016.
7. Laith K. Nasrawin, "An International Constitutional Court": Future Roles & Challenges, Domes Digest of Middle East Studies, Volume 25, Issue 02, 2016.
8. Leahy, James E. (1989) "The Constitution Is What the Judges Say It Is," North Dakota Law Review: Vol. 65: No. 3.
9. Lydia A. Nkansah, Victor Chimbwanda, "Interdisciplinary Approach to Legal Scholarship: A Blend from the Qualitative Paradigm", Asian Journal of Legal Education 3(1).
10. Mérieau, Eugénie: "The Sixtieth Anniversary of the French Constitution": Toward the Death of the Fifth Republic? https://www.printfriendly.com/p/g/56G7WK .
11. Paul Blokker, "Populism as a constitutional project", International Journal of Constitutional Law, Volume 17, Issue 2, 2019.
12. Richard Albert, "Does the World Need an International Constitutional Court?", Rutgers International Law and Human Rights Journal, 2022.
13. Steiner, Henry J, The Youth of Rights, [Review of The Age of Rights, by L. Henkin], Harvard Law Review 104, no. 4 (1991).
14. Tom Ginsburg, "An International Court for Constitutional Law", University of Chicago Law School, 2013.

15. Weyland, K. “Populism’s Threat to Democracy: Comparative Lessons for the United States Perspectives on Politics” Cambridge University Press, (2020) 18(2).

### 3.7 بە زمانی فەرەنسی

1. C.-J. Gignoux, « La réforme constitutionnelle », REVUE DES DEUX MONDES, Sept. 1, 1962.
2. G. Liet-Veaux, « La fraude à la Constitution. Essai d’une analyse juridique des révolutions communautaires récentes : Italie, Allemagne, France », RDP, 1943 ; S. M. Ouédraogo, « La lutte contre la fraude à la constitution en Afrique noire francophone », Thèse en droit, Bordeaux, université Montesquieu-Bordeaux-IV, 2011.
3. Moncef Marzouki, « Une structure judiciaire supranationale et indépendante pourrait agir en cas de scrutins truqués et rappeler les Etats au respect des libertés, Une Cour mondiale de la démocrati”, publié le 8 novembre 1999, www.liberation.fr.
4. REMY Constance, « Le projet de création d’une Cour constitutionnelle internationale », Les Cahiers Portalis, 2019/1 (N° 6).

### 4.7 بەزمانی عەرەبی

1. أ.د. علام ساحي، "العولمة وحقوق الإنسان في الجزائر"، بحث منشور في كتاب عولمة القانون، المركز العربي للدراسات الإستراتيجية والسياسية والإقتصادية، برلين - المانيا، 2020.
2. د. أكرم الوترى، "مقالة فى كتاب تدوبل الدساتير الوطنية"، للمؤلف هيلين تورار، ترجمة باسيل يوسف، مراجعة أكرم الوتري، بيت الحكمه، العراق، 2004.
3. د. الشيباني منصور أبو حمود، "الديمقراطية في القانون الدولي بين المشروعية والقوة"، مركز دراسات الوحدة العربية، ط1، بيروت، 2017.
4. د. باسم عدنان التميمي و د. رفل هاشم محمد، "الحماية الدولية لحقوق الإنسان"، مجلة العلوم القانونية والسياسية، عدد خاص" كلية القانون والعلوم السياسية- جامعة ديالى.
5. د. عثمان علي حسن ويسي, "إشكالية إختيار رئيس الحكومة في إقليم كوردستان – العراق", مجلة نوروز الأكاديمي، العدد10، 2020-2021.
6. غورسن سورنسن، "الديمقراطية والتحول الديمقراطي"، ترجمة عفاف البطانية، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، ط1، بيروت، 2015.
7. فاطمة أحمد الشافعي، "نحو إنشاء محكمة دستورية دولية تطبق مبادئ القانون الدستوري في ظل قواعد القانون الدولي العام" ، رسالة الماجستير، جامعة القطر – كلية القانون، 2020.
8. هيلين تورار، "تدويل الدساتير الوطنية"، ترجمة باسيل يوسف، مراجعة أكرم الوتري، بيت الحكمة، العراق، 2004.

### 5.7 بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان

1. Statute of The International Court of Justice 26 June 1945.
2. Rome Statute of the International Criminal Court 17 July 1988.
3. AD HOC Committee for The Establishment of An International Constitutional Court, Project of; “The Establishment of an International Constitutional Court” (2013).

### 6.7 بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق:

1. قرار المحكمة الإتحادية العليا رقم 20/اتحادية/2010 في 2010/3/25.
2. قرار رقم 45/ت.ق/2014 الصادر بتأريخ 2014/8/11.
3. قرار رقم 7 وموحدتيها 9و10/اتحادية/ 2022 بتأريخ 2022/2/3.